# گڵكەند


Kurdistan Chronicle

بڵاوكراوەیەكی گشتییە، دامەزراوەی كوردستان كرۆنیكڵ دەریدەكات

ژمارە (١٥)

چوارشەممە ٢٠٢٥/٤/٣٠


## ”ڕۆژەك نەچمە ئیشێ شێت دەبم“



سەعدوڵڵا حەمەد نزیكەی 70 ساڵە لە كانی خەڵووز كار دەكات

وێنە: شلێر سەعید

## ڕۆژانە 40 تۆن شیر لە ئاژەڵداران دەکڕێتەوە

# پڕۆژەیەکی سپیایی لە هەولێر یەکەمی عێراقە




■ دیمەنی هەڵمەتێکی بەبازاڕکردنی بەرهەمەکانی زۆم

**گڵکەند**

> لە وەتەی زۆم دامەزرایە، خەرکی مەنتیقەی زێتر بەری خۆیان دایتەوە حەیوانی، هەیە دە دوازدەکیا کڕییە، ئەمنیش ئەمەوێت چ ئیشی دی نەکەم، بەس چێرا بەخێو کەم. ئەوە قسەی جووتیارێکی سنووری خەلیفانە، کە ماوەی دوو ساڵە بەرهەمی شیری مانگاکانی دەداتە پڕۆژەیەکی سپیایی خۆماڵی و چیی دی بەرهەمی شیری بەخەسار ناچێت.

ئێستە پڕۆژەیەکی خۆماڵیی تایبەت بە بەرهەمە سپیاییەکان لە گوندێکی سنووری قەزای مێرگەسۆر ڕۆژانە ٤٠ تۆن شیری ئاژەڵی جووتیاران کۆ دەکاتەوە و لە کارگەیەکدا بەرهەمی لە قوتوونراوی خۆماڵیی لێ دروست دەکات، هەلی کار بۆ ٢٥٠ کەس دەڕەخسێنێ و داهاتێکی ڕۆژانەی جێگیریش بۆ ٢٥٠٠ ئاژەڵدار دابین دەکات.

ئەوە پڕۆژەی (زۆم)ە، لە گوندی ژاژۆکی سەر بەقەزای مێرگەسۆری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران لە پارێزگەی هەولێر لەسەر ڕووبەری ١٢ دۆنم زەوی بنیاد نراوە، ڕۆژانە لە ڕێگەی ٢٦ بنکەی وەرگرتنەوە، نزیکەی ٤٠ تۆن شیری مانگا لە جووتیاران وەردەگرێت.

شیرەکە بەچەند قۆناغێکدا تێ دەپەڕێت کە سەرەتا لە پشکنین لە تاقیگە و دڵنیابوون لە پاکیی شیرەکە و گونجاوی دەست پێ دەکات، نزیکەی ١٠ جۆر بەرهەمی شیرەمەنیی لێ دروست دەکرێ و ڕەوانەی بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان دەکرێن.

کارگەکە وەکو هەڵسووڕێنەرانی ئاماژەی بۆ دەکەن ئامانجیەتی بەرهەمهێنانی سپیاییی خۆماڵیی زیاد بکات و سەرمایەی هەرێمی کوردستان لە هاوردەکردنی بەرهەمی سپیاییدا نەچێتە دەرەوە.

بڵند کوردۆ جێگری بەڕێوەبەری گشتیی پڕۆژەی زۆم بۆ (گڵکەند) ڕای گەیاند، لە ناوەڕاستی ٢٠٢٣ لە گوندی ژاژۆک لە سنووری قەزای مێرگەسۆر کارگەی زۆم دامەزرا، ئامانجی پڕۆژەکە خزمەتکردنی ئاژەڵدارانە، چونکە ئاژەڵدارێکی زۆر لە سنوورەکە هەن، بەمەش جگە لەوەی کارگەکە بووەتە هۆکارێک بۆ ئەوەی خەڵکی گوند و ناوچە شاخاوییەکان ڕوو لە ئاژەڵداری بکەنەوە، دەستی کاریشی بۆ نزیکەی ٢٥٠ کەسی سنوورەکە ڕەخساندووە.

ئامارە بەوەش دەکات ٢٦ بنکەی وەرگرتنی شیریان لە دهۆک و هەولێر هەیە، بنکەکان لە نزیکی گوندەکانن، هەوڵ دەدەن لە داهاتوودا بنکەکان زیاتر بکرێن لە سنووری پارێزگەکانی سلێمانی و هەڵەبجەش بکرێنەوە بۆ ئەوەی جووتیارانی ئەو سنوورانەش سوود لەو پڕۆژەیە و ساغکردنەوەی بەرهەمەکانیان وەربگرن.

سالار بایز (تەمەن ٤١ ساڵ) جووتیارێکی دانیشتووی ناحیەی سرێشمەی قەزای خەلیفانە، لە نۆهەتەکانەوە لە پاڵ کاری خۆی، چەند مانگایەکیش بەخێو دەکات، ماوەی دوو ساڵیشە بەرهەمی شیری ڕۆژانەی مانگاکانی بەکۆمپانیای زۆم دەفرۆشێ. ئەو بە زاری خۆی دەڵێ «ئەمە دوو چێرنا هەیە، ڕۆژێ تەقریبەن دە کیلۆ شیری دەدەن، ئەوە لۆ دوو ساری ئەچی ڕۆژێ هەشت کیلۆیا دەدەینە شەریکەی و ئەوی دی لۆ خۆنە».

بەم شێوەیە زۆم بووەتە هۆی دابینکردنی داهاتێکی ڕۆژانەی جێگیر بۆ خێزانی ئەو جووتیارە. ئەو دووپاتیشی دەکاتەوە کە «ئەو شەریکە زۆر چاکە لۆمە، چونکێ پێشترێ شیرەکەن پێ ساغ نابۆوە، هەندە ڕۆژان خەسارە بوو».

بەهۆی ئەم پڕۆژەیەوە، ئێستە بەرهەمی شیری مانگا بەشێکە لە سەرچاوەی داهاتی ئەو خێزانە و ٢٥٠٠ خێزانی تری سنووری پارێزگەی هەولێر.

ئاژەڵدارەکەی سرێشمە دەشڵێ «پاش ئەوەی زۆم دامەزرا، خەرکی مەنتیقەی زێتر بەری خۆی دایتەوە حەیوانی، هەیە دە دوازدەکیا هەیە، ئەمن ئەگەر پارەم بێتە دەستی هەشت نۆ دە قلی باش دەکڕم، ئەمەوێت چ ئیشی دی نەکەم و بەس چێرا بەخێو کەم».

هەفتەی ڕابردوو کامەران حوسێن بەڕێوەبەری گشتیی کشتوکاڵی ئیدارەی سەربەخۆی سۆران لە لێدوانێکیدا ڕای گەیاندبوو کە کارگەی زۆم لەسەر ئاستی عێراقدا لە ڕووی جۆرییەوە یەکەمە، لە کێبەڕکێی نێوان کارگەکانی هەرێمی کوردستان و عێراقدا خەڵاتی پلەی یەکەمی پێ دراوە، چونکە باشترین بەرهەمی سروشتیی خۆماڵی بە بەرزترین کوالێتی پێشکێشی بەکاربەران دەکات.

لەم بارەیەوە بڵند کوردۆ دووپات لەسەر شێوازی پشکنین و کوالێتی شیر دەکات لە کارگەکەیان و دەڵێ لەنێو بنکەکان تاقیگە هەن بۆ پشکنینی شیر، دەفرێکی تایبەت بە گواستنەوەی شیر بەئاژەڵداران دراوە کە بەهۆیەوە شیرەکە پارێزراو دەبێت لە ڤایرۆس، هەر ئاژەڵدارێک ٣ بۆ ٥ مانگا بەخێو دەکات، ٢٤٣٣ ئاژەڵدار لای ئەوان تۆمار کراون و کۆدی تایبەتی خۆیان هەیە و نرخی هەر کیلۆیەک بە ٩٠٠ دینار وەردەگیرێت، دواتر بە تانکەری تایبەت بۆ کارگەکە دەگوازرێتەوە.

کارگەکە نزیکەی ١٠ جۆر بەرهەمی سپیاییی وەک ماستاو، قەیماغ، ماست و جۆرەکانی پەنیر بەرهەم دێنێت. بەگوتەی ئەو بەرپرسەی پڕۆژەکە لە بەرهەمەکانیاندا ماددەی پارێزەر بەکار ناهێندرێت، چونکە تەمەنی هەموو سپیاییەک جگە لە پەنیر، لە نێوان ١٠ بۆ ٢٠ ڕۆژە، ئەوەش ئاشکرا دەکات کە ئەوان تەنها شیری مانگا وەردەگرن.

جەختیش دەکاتەوە خواستێکی زۆر لەسەر بەرهەمەکانی پڕۆژەی زۆم هەیە و خەڵک متمانەی تەواویان پێ هەیە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە مانگای ناوچە شاخاوییەکان گژوگیای سروشتی دەخۆن، دوورن لە خواردنی دروستکراو و دەرمان.

کارگەکە لە توانای دایە ڕۆژانە نزیکەی ٩٠ تۆن شیر وەربگرێت، بۆیە لە داهاتوودا کارەکانیان فراوانتر دەکەن و بەرهەمەکانیان زۆرتر دەبێت. ●





■ ژمارەیەک ئاژەڵدار لەکاتی هێنانی شیر بۆ بنکەیەکی وەرگرتنی پرۆژەی زۆم

## ڕووبەری سەوزایی زیاد دەکرێ

# 100 مەتری پڕ دەکرێ لە تونێل و بەرزە پردی نوێ

**هەژار مەجید**

٤٨ پرۆژەی ستراتیژی لە سێکتەری ڕێگەوبان لە هەولێر جێبەجێ دەکرێن، دروستکردنی سێ بەرزە پرد و تونێلی نوێ لە سێ جێگەی شەقامی ١٠٠ مەتری بۆ کەمکردنەوەی قەرەباڵغیی ناو شار لەخۆ دەگرێت.

شارەوانیی هەولێر لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا سەرقاڵی هەمەوارکردنەوەی ماستەرپلانی شاری هەولێر بووە، ئێستە گەیشتووەتە قۆناغی کۆتایی، بڕیارە بەم نزیکانە هەموارەکە پەسند بکرێ، کە زیادکردنی ڕێژەی سەوزاییی شاری هەولێری تێدا ڕەچاو کراوە.

کارزان عەبدولهادی سەرۆکی شارەوانیی هەولێر، پلان و پرۆژەی ئەمساڵ بۆ (گڵکەند) ئاشکرا دەکات، کە سەرباری ئەوەی حکوومەتی فیدراڵی بەربەست بۆ بەرەوپێشچوونی گەشەکردنی هەولێر دروست دەکا، حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوامە لە کار و پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی و دەڵێ پرۆژەی تەواوکردنی بەشێکی دیکەی شەقامی ١٥٠ مەتری لە پلانی ئەمساڵیان دایە.

هەروەها ڕەزامەندی وەرگیراوە بۆ دروستکردنی بەرزە پرد و تونێل لە چوارڕیانی مەخموور لەسەر شەقامی ١٠٠ مەتری، کە تێچووەکەی ٣٠ ملیار دینار دەبێ و ئامانج لێی کەمکردنەوەی جەنجاڵیی هاتوچۆیە.

سەرۆکی شارەوانی دەشڵێ لە هەمان شەقام لە نزیک بەنزینخانەی ئاکار و لە چوارڕیانی ڕەشکین، بەرزە پرد و تونێلێکی نوێ دروست دەکرێن. هەروەها ٤٨ پرۆژەی ستراتیژیی تر لە پلانی سەرۆکایەتییەکە دایە جیا لە چەندین پرۆژەی لاوەکی.

لەبارەی هەمواری ماستەرپلانی شارەکەشەوە ئاماژە بەوە دەکات کە لە قۆناغی کۆتایی دایە و بەم نزیکانە ئەنجوومەنی شارەوانیی هەولێر پەسندی دەکات، کە زیادکردنی ڕێژەی سەوزایی لە بەرچاو گیراوە.


هەروەها دروستکردنی پارکی ڕەشکین یەکێک لە گەورەترین پارکەکانی هەولێر بە تێچووی ١٥ ملیار دینار لەسەر ڕووبەری ١٢٠ هەزار مەتر دووجا زەوی لە قۆناغی جێبەجێکردن دایە، ٣٠ هەزار مەتری دەکرێت بە فریز و ١١ هەزار مەتر تارتان بۆ شوێنی وەرزش، ١٥هەزار داریش دەچێنرێت لەگەڵ ٢٠ هەزار گوڵی جۆراوجۆر.

سەوزکردنی چوارڕیانی هەولێر — مووسڵ لە شەقامی ١٢٠ مەتری لەسەر ڕووبەری ٢٠٥ هەزار مەتر دووجا بەتێچووی سێ ملیار و ٤٢٢ ملیۆن دینار یەکێکی دیکەیە لە پرۆژەکانی شارەوانیی هەولێر و لە قۆناغی جێبەجێکردن دایە.

لەبارەی خزمەتگوزارییەکانی هەشتی حەسارۆکیشەوە کارزان عەبدولهادی جەخت لە بەردەوامیی گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان بۆ ئەم گەڕەکە نوێیە دەکاتەوە و دەڵێ لەگەڵ خراپیی قەیرانی دارایی، پرۆژە خزمەتگوزارییەکان لە سەرجەم گەڕەکەکانی هەولێر بەپێی پێویست بەردەوام بووە، بەتایبەت بۆ کەرتی هەشتی حەسارۆک، کە لە ماوەی ڕابردوو توانرا چەند شەقامێکی سەرەکی قیرتاو بکرێن و کۆڵان و شەقامە نێوخۆیییەکانی تێکەڵەڕێژ کران، هەروەها لە بەشێکی گەڕەکەکە ڕەچاوی بارودۆخی هاووڵاتیان کرا و ڕێگە بەدابەش دووی زەوییەکان درا، دەستیش کراوە بە ڕێکاری دروستکردنی نەخۆشخانەیەکی گەورە لەو گەڕەکە، سەرباری گەیاندنی ئاو لە پرۆژەی فریاگوزارییەوە.

سەرۆکی شارەوانیی هەولێر لەبارەی فراوانبوونی سەنتەری شاریشەوە ئاشکرای دەکات بە نیازن لە داهاتوو چەند شوێنێکی دەوروبەری شار لە ڕووی کارگێڕییەوە بخەنە سەر سەرۆکایەتیی شارەوانیی هەولێر، لەوانەش پیرزین و شاوێس. کار لەسەر دۆزینەوەی چارەسەریش بۆ ئەو کارگانەی سەنتەری شار دەکەن کە بوونەتە هۆی پیسبوونی ژینگە.

سەبارەت بەدابەشکردنی زەوییش بەسەر فەرمانبەرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا کە لە کابینەی نۆیەمدا خرایە بواری جێبەجێکردنەوە، سەرۆکی شارەوانیی هەولێر دەڵێ ئەگەر گرفت دروست نەبێت، ئەمساڵ زەوی بەسەر سەرجەم ئەو کەسانە دابەش دەکەن کە ناویان بۆ وەرگرتنی زەوی گەڕاوەتەوە.




نەخشەی ژمارەیەک ئۆڤەرپاس و ئەندەرپاسی نوێ لەسەر شەقامی سەدمەتری



**مەریوان مەسعود**

## ئەگەر موتەسەڕیفی هەولێرێ بوومایە

هەندێک جار مرۆڤ بەخەیاڵ، خۆی دەخاتە شوێنی یەکێکی دیکە، تا لەم ڕێگەوە چەند خۆزگەیەکی شاراوە بهێنێتە دی.

منیش بە یارمەتیی برای بەڕێز ئومێد خۆشناوی موتەسەڕیفی هەولێرێ، خۆم دەکەم بە موتەسەڕیفی شار و ئەم چەند خۆزگەیە دەهێنمە دی:

ئەگەر موتەسەڕیفی هەولێرێ بوومایە، گەورەترین دیداری نێودەوڵەتیم بۆ هونەری ڕەسەنی کوردی بەناوی (دیداری مشکۆ هەولێری بۆ لێکۆڵینەوە لە هونەری گۆرانی و مەقامی کوردی) ڕێک دەخست، بۆ ئەم دیدارەش چەندین هونەرمەندی جیهانیم بانگهێشت دەکرد و ڕۆڵی سەرەکیم بە هونەرمەندانی شارەکەی خۆم دەدا و (مشکۆ) و هونەری هەولێریم بەنێودەوڵەتی دەکرد.

گەورەترین خوێندنگەی ئاینیم لە هەولێر، لە کۆشکەکەی باداوانی مەلا فەندی دەکردەوە و زانایانی ئاینیی کوردم لە هەر چوار پارچەی کوردستان و چەند ناوەندێکی گەورەی ئاینیی وەکو ئەزهەر دەکرد بە مامۆستا و وانەبێژی ئەم خوێندنگە ئاینییە و ناویشم دەنا (قوتابخانەی مەلا فەندی بۆ پەروەردەی ئاینی)، تا بڕوانامەی ئەم خوێندنگەیە بەنێودەوڵەتی بکرێت و وەکو زەمانی مەلا فەندی (شەهادەی دوازدە عیلم)م دەدا بە دەرچووانی خوێندنگەکە.

شوێنی کۆنی دەزگای داپڵۆسێنەری بەعسییەکان (مەنزومەی شیمال)م وەردەگرتەوە و لەسەر شێوازی خۆی دروستم دەکردەوە و دەمکردە گەورەترین مۆزەخانە کە گوزارشت بوایە لە زوڵم و زۆرداریی بەعسییەکان بەرامبەر خەڵکی خۆڕاگری هەولێر، کە من خۆم بە منداڵی چونکە ماڵمان نزیک ئەم دەزگا داپڵۆسێنەرە بوو، چەند جار بینیومە کە گەنجانی قارەمانی هەولێریان لەبەرچاوی خەڵک گوللەباران دەکرد.

ئەگەر موتەسەڕیف بوومایە، لەگەڵ لقی هەولێری سەندیکای هونەرمەندان تەنسیقم دەکرد و هەر خۆم سەفەرێکی وڵاتی سویدم دەکرد و دیدارێکم لەگەڵ کەڵەهونەرمەندی هەولێر (زیاد ئەسعەد) ڕێک دەخست و هەرچیم لە دەست بهاتایە دەمکرد و قەناعەتم پێ دەکرد بگەڕێتەوە هەولێر.

ئەگەر ئەو بوومایە، چوارشەممەی یەکەمی هەموو مانگێک لە ئارامگەی شێخ موزەفەرەدین کۆکبری لە ناوجەرگەی شاری هەولێر، تەقسێکی ئاینی و خوێندنی مەولوود و دەڤژەنینم ڕێک دەخست، کە مۆرکی ڕەسەنی شاری هەولێریێ پێوە بێت، چونکە ئاشکرایە شێخ موزەفەرەدین منەوەر و زانای کورد یەکەم کەس بووە مەولوودنامەی خوێندۆتەوە و بۆ هەتاهەتایە شانازییە بۆ هەولێرەکەم.

# جەمەدانی


## لە کارگەیەکی هەولێرەوە تا ئەودیو سنوور

«جەمەدانی تەنیا پارچە قوماشێك نییە، بەڵکو سیمبولێکی شارستانییە کە سەربوردەکانی مرۆڤ و خاک، لە خۆیدا هەڵگرتووە، گوزارشت لە بەسەرهاتە قووڵەکانی ناسنامە و ئینتیما دەکات، بەناخی ژیارە یەک بە دوای یەکەکانی ئەو ناوچەیەدا ڕۆ چووە کە پێی دەگوترێ کوردستان و تا ڕۆژگاری ئێستەمان درێژ بووەتەوە.»





وێنەکان: هێمن بابان



کارمەندێک لە نێوان ئامێرەکانی کارگەکە

**ڕیاز ئەلحەمدانی**

لە پەرگەیەکی ڕێی هەولێر و گوێڕ، لەسەر پارچە زەوییەک کە ڕووبەرەکەی لە ٦٠٠ مەتری دووجا تێ ناپەڕێت، ساڵح یوسف ڕەحمانی هەولێری لەناو کارخانەکەی خۆیدا، کارگەی ڕەسەنایەتیی کوردەواری وەستاوە. پیاوێکە خەونی خۆی لە تاڵە پەمۆی پاک و بێ پەڵە گرێچن کردووە و یەکەم کارگەی بەرهەمهێنانی جەمەدانیی لە کوردستان دامەزراندووە. بەسەرهاتی ئەو پیاوە تەنیا ئەزموونێکی پیشەسازی نییە، بەڵکو گەشتی ویست و پێگیرییە.

### گەشتی سەرەتاکان

گەشتەکەی ساڵح بەدنیای ڕستن و چنیندا لە کۆتاییی نۆهەتەکانی سەدەی ڕابردوو دەستی پێ کردووە. کاتێک لە کوردستان تاکە بریکاری تایبەتی جەمەدانی بوو. بەڵام خەونی وا بوو ڕۆژێک کارگەیەکی چنینی سەربەخۆ دابمەزرێنێ.

ساڵح باسی سەرەتاکانی خۆی بۆ (گڵکەند) دەگێڕێتەوە و دەڵێ «من لە کۆتاییی نۆهەتەکانی سەدەی ڕابردوو، بریکاری تایبەتی جەمەدانی بووم بەهەموو جۆر و وردەکاریی چنین و ڕەنگەکانیەوە، لە تەواوی هەرێمی کوردستاندا تاکە بریکاری دیمەشق بووم».

لەبارەی دروستکردنی کارگەکەش دەڵێ: «لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٣، دەستم بەپڕۆژەی تایبەتی خۆم کرد، شەش مانگی پێ چوو تاکو کارگەکەم ئامادە کرد و کەرەستە و ئامێرەکانم دامەزراند و کارەکەم کەوتە سەرپێ».

سەبارەت بەو ئاستەنگ و ئاڵنگارییانەی ڕووبەڕووشی بوونەوە، دەڵێ «ئاستەنگی ئەوەم هاتە پێش کە چۆن ئامێرەکانی ڕستن و چنین وەدەست بێنم. بەڵام بەیارمەتیی هاوڕێ سوورییەکانم لە دیمەشق و ڕێککەوتنم لەگەڵ یەکێک لە پسپۆڕەکان، توانیم ئامێرەکان لە چینەوە هاوردە بکەم»، هەروەها ئاماژە بەوەش دەکات کە «بۆ پەرەپێدانی ئامێر و کەرەستەکان و گۆڕینی هەندێک لە بەشەکانیان سوودی لە شارەزاییی کریستیانەکانی سووریا وەرگرتووە».

ساڵح ئومێدەوارە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پشتگیریکردنی پڕۆژە ساواکەیدا هاریکاری بێت، شانازییش بەکارگەکەیەوە دەکات کە لە عێراق و هەرێمی کوردستان یەکەمە و تاکە کارگەیە کە جەمەدانی بە هەموو جۆر و ڕەنگەکانیەوە بەرهەم دێنێت.

دەربارەی جۆرەکانی جەمەدانییش ڕوونی دەکاتەوە کە «جۆرە جیاجیاکانی جەمەدانی بۆ هەموو هۆزەکان و ناوچە جیاوازەکانی کوردستان بەرهەم دێنم، تەنانەت بۆ تورکمان و عەرەبیش».

سەبارەت بە پلانەکانی بۆ داهاتووش دەڵێ ئێستە شەش ئامێری لە کارگەکەدا هەیە، بەمەبەستی زیادکردنی بەرهەم، پلانی وایە بەم زووانە کارگەکە وا فراوان بکات کە ١٠٠ ئامێری تایبەت بەڕستن و چنین لەخۆ بگرێت، هەروەها دەربارەی کوالێتی بەرهەمەکانیشی جەخت دەکاتەوە کە باشترین جۆرەکانی دەزووی پەمۆی هاوردەکراو لە تورکیاوە بەکار دێنێ و نرخی یەک پارچە لە بەرهەمەکەی ٥٠٠٠ دینارە، ئەمەش لە کاڵای هاوردەکراو هەرزانترە و لە هەمان کات جۆرەکەشی باشترە.

### ڕەگوڕیشەی مێژوویی

مێژووی جەمەدانی بۆ قووڵاییی شارستانیەتی ئەکەدی ڕۆ دەچێت، توێژەران ئاماژە بەوە دەکەن کە ڕەگوڕیشەی بۆ پەیکەرەکانی (کودیا) پاشای ئەکەدی دەگەڕێتەوە، کە ئێستە لە مۆزەخانەی لوڤەر لە پاریس پارێزراوە. لەوان سەردەماندا، وەک سەرپێچێک بەکار هێنراوە، هێمایەک بووە بۆ بەرزیی پێگە و پایەداری و ئازایەتی، بەر لەوەی ببێتە ئەو پارچە پۆشاکە نەریتگەرا ناسراوە.

### ئاماژە و واتا

جەمەدانی چەندین هێما و ئاماژەی قووڵی لە ڕەنگ و نەخشەکانیدا هەڵگرتووە:

ڕەنگی سۆر: هێمایە بۆ ئازایەتی و قوربانیدان

ڕەنگی سپی: هێمای ئاشتی و پاکییە.

نەخشی چوارگۆشەی تێکهەڵکێش: ڕەنگدانەوەی ئاڵۆزیی هونەر و قووڵاییی مێژووە.

### ئەرکی کۆمەڵایەتی

بەدرێژاییی ساڵانێکی درێژ، جەمەدانی وەک بەشێک لە پۆشاکی نەریتگەرای هۆزەکان جێی گرتووە و تەنانەت بۆ ناوەڕاست و باشووری عێراقیش شۆڕ بووەتەوە و بووەتە نیشانەی پایە و پێگەی کۆمەڵایەتی.

بەپێی گوتەی ساڵح، لە پارێزگاکانی خوارووی عێراق خواستی لەسەرە و چاوەڕوانە لە عەرەبستانی سعوودیش داوای بکەن.


جەمەدانی بە جەلە و گوفک و گوڵینگەی دەستکردی ژنانی دەسترەنگین جیا دەکرێتەوە، کە لە بنەڕەتدا بۆ ئەوە بوون کە کێشی کوتاڵی جەمەدانییەکە قورستر بێت و لەسەر سەر نەترازێ، بەڵام پاشان بووە بەئاماژە بۆ ناسینەوەی شێوەی سەرپێچی هۆزە جیاوازەکان و بار و ڕەوشی کۆمەڵایەتی.

بەگشتی ئێستە وا بەرە بەرە جەمەدانی دەبێتەوە باو، ئەوەش ئاماژەیە بۆ بەردەوامیی بایەخی کولتووری ئەو سەرپۆشە.

لە کۆتاییدا ساڵح پەیامی خۆی دەگەیەنێ و دەڵێ «جەمەدانی تەنیا پارچە پەڕۆیەک نییە، بەڵکو چنینێکی فرە ڕەهەندە کە سەربوردەی باپیرانی لە خۆ گرتووە و خەباتی پاڵەوانانی کێو و چیاکان و حیکایەتی ساراکان دەگێڕێتەوە و گیانی ئینتیما و ناسنامە بەرجەستە دەکات“.

بۆ کوردی: ئیسماعیل خالید گەلاڵی

# گەورەترین نافوورەی عێراق و شانۆیەکی ڕۆمانی لە پارکێکی مۆدێرن




**زیرەک تاریق**

لەسەر شەقامی ١٢٠ مەتری و جووت سایدی ڕەشکین، پرۆژەیەکی ژینگەییی گەورە بەناوی پارکی ڕەشکین جێبەجێ دەکرێ، کە دەبێتە یەکێک لە گەورەترین و سەرنجڕاکێشترین پارکە سەوزەکانی هەرێمی کوردستان و عێراقیش، حکوومەت زیاتر لە ١٥ ملیار دیناری بۆ تەرخان کردووە.

لەسەر ڕووبەری ١١٦ هەزار مەتر دووجا دروست دەکرێ، ١٨ مانگ بۆ تەواوکردنی دانراوە، پارکەکە دوو دەرگەی سەرەکیی چوونە ژوورەوەی هەیە و چەندین بەش و خزمەتگوزاریی تایبەتی لەخۆ دەگرێت کە هاووڵاتیانی هەولێر و گەشتیاران دەتوانن سوودی لێ وەربگرن.

هیوا سلێمان ئەندازیار و سەرپەرشتیاری پرۆژەی پارکی ڕەشکین بۆ (گڵکەند) ڕای گەیاند، پارکەکە لە ڕووی دیزاین و شێوازی دروستکردنەوە جیاواز و مۆدێرنە، تەواوی کەلوپەل، گوڵ و دار و درەختەکانی ئەم پارکە لە وڵاتانی ئیسپانیا و ئیتاڵیا هێنراون.

گەورەترین نافوورە لەسەر ئاستی عێراق لەنێو پارکەکەدا بە دوو پارچەی پێکەوەبەستراو لەسەر ڕووبەری زیاتر لە شەش هەزار و پێنجسەد مەتر دروست دەکرێت. هەروەها چێشتخانەیەکی گەورە دروست دەکرێت و سەرپەرشتیارەکە دەڵێ ”وا بڕیارە براندێکی جیهانی چێشتخانەکە بکاتەوە“.

بەپێی سەرپەرشتیاری پرۆژەکە، لەنێو پارکەکەدا گۆڕەپانێکی هاوشێوەی شانۆی ڕۆمانی هەیە لەسەر ڕووبەری هەشت هەزار مەتر دروست دەکرێت کە توانای لەخۆگرتنی پێنج هەزار کەسی هەیە و دەڵێ «دەتوانرێت بۆ بۆنە نیشتمانییەکان و ئاهەنگی دەرچوونی قوتابیان سوودی لێ وەربگیرێت.»

بەشێکی دیکەی ڕووبەری پارکی ڕەشکین بۆ وەرزشکردن تەرخان کراوە، ڕێڕەوی تارتان بۆ ڕاکردن بە درێژاییی ١٤٥٠ مەتر، ڕێڕەوی پایسکلسواری بەدرێژاییی ٣ هەزار مەتر چوون و هاتن دروست کراوە، هەروەها هۆڵێکی داخراوی وەرزشیی لەشجوانیی تێدایە کە ڕووبەرەکەی ٧٠٠ مەترە و دەتوانرێت لە وەرزی زستانیشدا سوودی لێ ببینرێت

بەپێی ئەو زانیارییە تەکنیکییانەی سەرپەرشتیار ئاماژەی پێ کرد، پرۆژەکە چەندین بەشی دیکە لەخۆ دەگرێت، لەوانەش پەرژینکردنی دەوروبەری پارکەکە بە درێژاییی ١٦٠٠ مەتر بۆ پاراستنی سنووری پارکەکە. دروستکردنی گەراجی ئۆتۆمۆبێل بەتوانای لەخۆگرتنی زیاتر لە ٥٠٠ ئۆتۆمۆبێل، لەگەڵ ئەوەشدا شەقامێکی پان دروست کراوە بۆ ئەوەی بتوانرێت بە ئاسانی لە هەردوولای شەقامەکەشدا وەک گەراج سوودی لێ ببینرێت. لەگەڵ دوو عەمباری گەورەی ئاو و لێدانی دوو بیر بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ئاو. سیستەمێکی پێشکەوتووی کارەبا و ڕووناککردنەوە بۆ پارکەکە دانراوە.

لەو پارکەدا دەیان هەزار درەخت و ٦٠ هەزار مەتر چیمەن دەچێندرێ.

سەبارەت بە کات و ماوەی تەواوکردنی پرۆژەکەش، سەرپەرشتیار ڕای گەیاند هەوڵ دەدەن پرۆژەکە لە ماوەی ١٨ مانگدا تەواو بێت و ئامادە بێ بۆ کردنەوەی فەرمی.

دوای تێپەڕبوونی دوو مانگ، ئێستە ٪١٠ کارەکانی پرۆژەکە تەواو بووە، زیاتر لە ٨٠ کرێکار و ئەندازیار ڕۆژانە لە پرۆژەکەدا کار دەکەن. هەروەها پرۆژەکە دەرفەتی کاری زۆری بۆ گەنجانی ناوچەکە دروست کردووە و لە داهاتووشدا بە کردنەوەی پارکەکە زیاتر لە ٤٠ کەس بە شێوەیەکی هەمیشەیی دەتوانن تێیدا دامەزرێن.

هیوا سلێمان، سەرپەرشتیاری پرۆژەی دروستکردنی پارکەکە گوتیشی ئەم پارکە دەبێتە سییەکانی شاری هەولێر و سەرەتای وەرزێکی نوێی گەشەپێدانی ژینگەیی لە هەرێمی کوردستان. دەشڵێ ئامانجی حکوومەتی هەرێمی کوردستان تەنیا دروستکردنی پارکێک نییە، بەڵکو خوڵقاندنی ژینگەیەکی دروستە کە پێویستییەکانی هەموو تەمەن و توێژەکان لەبەرچاو بگرێت.

لای خۆیەوە محەمەد سیروان، یەکێ لە دانیشتوانی گەڕەکی سەربەستی کە نزیکە لە پرۆژەکەوە، بە خۆشحاڵییەوە باسی کرد و گوتی ماوەیەکی درێژە چاوەڕێی پارکێکن، چونکە ناوچەکە پێویستی بەشوێنێکی وا هەیە بۆ حەوانەوە و کات بەسەربردن. منداڵەکانیان پێویستیان بەشوێنێک هەبوو بۆ یاریکردن، گەورەکانیش پێویستیان بە شوێنێک بۆ پیاسەکردن و وەرزش هەبوو.

چاوەڕوان دەکرێت ئەم پرۆژەیە کاریگەری گەورەی هەبێت لەسەر ژینگەی شار و گەشەی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان، هەروەها ڕێژەی سەوزایی لە شاری هەولێر بەرز دەکاتەوە کە یەکێک لە ئامانجە گرینگەکانی پلانی ستراتیژیی گەشەپێدانی شاری هەولێرە. ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ باشترکردنی کوالێتی هەوای ناوچەکە و کەمکردنەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا.




دیمەنێکی بەردەم پارکەکە بەگوێرەی نەخشەی داڕێژراو

---



عەبدولباسیت فەرهادی

## کامێرای چاودێری و دانپێدانانی شوفێرێک

پتر لە ٣٠ ساڵە شوفێرم، سەرەتا سەکن بووم و دوایێ بوومە شوفێری پیکەبی قاچاغیی نەوت و گاز، دواتر هی لۆری، ماوەیەکیش بوومە شوفێری ریمە درێژەکانی قوشتەپە، دوایێ شوفێری کڕاون تەکسیی هەولێر- بەغدا. لەو ٣٠ ساڵەدا پتر لە ١٢ جار تووشی ڕووداوی هاتوچۆ بووم، لە تامپۆنکردن و وەرگەڕان سێ پەراسووم شکاون و دەستیشم لە دوو جێ، چەند جار لە مردن گەڕایمەوە، هەمووشی لە ئەنجامی تیژهاژووشتن و سەرپێچیی یاسا و ڕێنماییەکانی هاتوچۆ، لە ڕووی ماددییەوە زۆر زەرەرمەند بوویمە، ئێستاش شوفێری خەڵکم و بەردەوامم، بەڵام شوکر بۆ خوا ئێستا وەک جاران نیم، شوفێرێکی گوێڕایەڵی یاسام.

ئەوە قسەی شوفێرێکی تاکسی بوو، کە لێم پرسی کوو ئەوها گۆڕای؟ گوتی کامێرای چاودێری ئەوی کردە شوفێر، چونکە دوای دانانی کامێراکانی چاودێری لە ناو شار و ڕێگاکانی دەرەوە، بەردەوام بووە لە سەرپێچی و تیژهاژووشتن، کە چووە ساڵیانەی ترۆمبێلی نوێ بکاتەوە، تووشی شۆک بووە کە پتر لە یەک ملیۆن دینار تاوانەی لەسەر بووەتە ماڵ. لەو ڕۆژەوە گوێڕایەڵی یاسا بووە.

ئەو شوفێرە لەلایەن دەوروبەرەکەیەوە نازناوی (سارووخ)ی دراوەتێ، لەمبارەیەوە بەسەرهاتێکی گێڕاوە کە ڕۆژێک بە ترومبێلە کڕاونەکەی، پێنج نەفەری لە نەهزەی بەغدا بۆ هەولێر بار کرد. لە ڕێگا نەفەرەکان هەر دەیانگوت لەسەرخۆ بە، مام حاجییەک لەگەڵ کوڕە هەرزەکارەکەی لە پێشەوە بوون. هەر خەریکی خوێندنی دوعا و ئایەتان بوو، کە لە داقووق ڕەت بوون بەرەو کەرکووک، شوفێرێکی هێڵی سلێمانی بەپێشی کەوتبوو. بەرچاوی تاریک بوو، سکلێتەری قەپات کردبوو و بووە تەیارە، ئەو بەرەو سلێمانی ڕۆیشت ئەویش لە دوای چوو، نەفەرەکانی هاواریان کردبوو کاکە بۆ کوێمان دەبەی؟ ئێمە دەچینە هەولێر. گوتبووی خەمتان نەبێ، با بەپێش ئەو ترومبێلە بکەومەوە. تا نزیک چەمچەماڵ لە دوای بوو، کە توانی بیبەزێنێ، لە چەمچەماڵەوە بەرەو کەرکووک و ئینجا هەولێر گەڕابووەوە. بەڵام ئێستا کامێرای چاودێری لە سنووری هەولێر ئەویان گۆڕیوە.



وێنە: ئەحمەد شاڵی

وەستا خەلیل لەکاتی کارکردن

# سیدارە
## لە مەلیک فەیسەڵەوە بۆ وەستا خەلیل

هێمن بابان ڕەحیم

لە یەکێک لە کۆڵانە تەنگەبەرە مێژووییەکانی شاری هەولێر، بەتەنیشت قەڵا شەش هەزار ساڵییەکەیەوە پیاوێکی سەر ماش و برنجیی باڵا مامناوەندی قسە خۆشی پڕ یادگاری لەنێو شوێنکارەکەی سەرقاڵی دوورین و دروستکردنی جۆرێک لە کڵاوە کە لە کوردستان مێژوویەکی دێرینی هەیە و دواین بەرگدوورە لە شارەکە ئەو کارە دەکات. خەلیل سەعید کە بە وەستا خەلیل هەولێری و خەلیل خەیات لە گوزەر و شارەکە ناوبانگی ڕۆیشتووە، هەرچەندە لە شەستەکانی تەمەنیدایە، بەڵام هێشتا کارایە لە دروستکردنی سیدارە.

وەستا خەلیل لە ساڵی ١٩٥٦ لە قەڵات لەدایک بووە، هەر لە تەمەنی منداڵییەوە چووەتە شوێنکاری بەرگدوورینی خاڵەکانی و ئارەزووی زۆری بۆ فێربوونی پیشەکە وای لێ کردووە لە پۆلی سێی سەرەتایی دەستبەرداری خوێندن ببێت و لە تەمەنی ١١ ساڵیدا ئیدی دەستی بەکارەکە کردووە.

بەدەم قسەکردنەوە دەستی بۆ یەکێک لە وێنە کۆنە هەڵواسراوەکانی شوێنی کارەکەی برد کە خۆی و خاڵەکانی تێدا دەردەکەون و وێنەکە بۆ ١٩٦٥ دەگەڕێتەوە و بەلایەوە یادگارییەکی تایبەتە.

ئەو بە (گڵکەند)ی گوت «یەکەم سیدارەم پێش ٥٨ ساڵ لەمەوبەر دروست کرد، زیاتر لە نیو سەدەیە بەدوورینی سیدارەوە سەرقاڵم، کە یەکێکە لە جۆرەکانی کڵاو و مەلیک فەیسەڵی یەکەم سەرۆکی یەکەم مەملەکەتی عێراق ویستی بیکات بەسیمبولێکی نیشتمانی و ئاماژەیەک بۆ کولتوور و ناونیشانی خەڵکی عێراق و بۆ ئەوەی مێژووەکەیان بهێڵێتەوە".

سیدارە، سیدارەی بەغدادی یان سیدارەی فەیسەڵی کە تاوەکو ئێستە لەلای عێراقییەکان و بەشێک لە خەڵکی کوردستان و بەتایبەت پیاوانی بەتەمەن لە سەر دەکرێت، شێوازەکەی برێتییە لە کڵاوێکی نیمچە کەوانەیی لە ناوەڕاستییەوە بەرزە و دەنوشتێتەوە.

مێژووی سیدارە لە عێراق بۆ نزیکەی سەدەیەک لەمەوبەر دەگەڕێتەوە و لە سەرەتاوە کەسانی ڕۆشنبیر و ئەفەندییەکان لەگەڵ چاکەت و پانتۆڵ لە سەریان دەکرد، بەڵام دواتر هەموو کەس لە سەریان کرد.

چەندین ڕەنگی هەیە، ڕەش و قاوەیی و نیلی و هیی تریش، بەڵام هێشتا ڕەش بەجوانترینیان هەژمار دەکرێت و فەرمییە.


وێنەیەکی کۆنی وەستا خەلیل لەگەڵ هاوکارەکانی

وەستا خەلیل وەکو خۆی دەیگێڕێتەوە، زەحمەتییەکی زۆری لەگەڵ دروستکردنی سیدارە پێش ٥٨ ساڵ بینیوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو جۆشەی بۆ فێربوونی دوورینە قورسەکان وای لێ کرد زیاتر خرۆشانی لەلا دروست بێت، بەڵام لە کۆتاییدا و لە تەمەنی ١١ ساڵی سەرکەوت و سیدارەی یەکەمی دروست کرد.

هەرچەندە کڵاوەکانی وەستا لە سەری زۆر کەس بینراوە و هەیە، بەڵام خۆی نازانێت کە ئایا کڵاوەکانی گەیشتووەتە هیچ کەسایەتییەکی عێراق یان نا، لەگەڵ ئەو مێژووەشی لەو بوارەدا هەیەتی بەخەمەوە دەڵێت ئارەزووی دەکرد کوڕەکانیشی کە هەموویان بەرگدوورییان وەکو پیشە بۆ ماوەتەوە، فێری دوورین و دروستکردنی سیدارە ببن. دەشڵێ "کورد، عەرەب و تورکمان و پێکهاتەکانی تریش سیدارە لە سەر دەکەن، چەندین جۆریشی هەیە، لەوانەش سەربازی و مەدەنی، پێویستە بەردەوامی بەدروستکردنی بدرێت".

مەلیک فەیسەڵی عێراق بە یەکەم کەس هەژمار دەکرێت کە سیدارەی بەکار هێنابێت و لە سەری کردبێت، ئەو دوای دەستبەکاربوونی لە مانگی ئابی ١٩٢١ ژمارەیەک گۆڕانکاریی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کرد دوای کۆتاییهاتنی قەڵەمڕەویی عوسمانییەکان کە نزیکەی ٤٠٠ ساڵی خایاند، بۆیە تەربووش کە کڵاوی سەری عوسمانییەکان بوو بۆ سیدارە گۆڕی و دواتر بۆ بە بەشێک لە جلی فەرمیی فەرمانبەرانی دەوڵەت.

وەستا خەلیلی بەرگدروو دەڵێت مانگانە نزیکەی ٢٠٠ سیدارە دروست دەکات و بەشێک لەوانەی دروستیان دەکات لەسەر داواکارییە و داواکاریی لە دەرەوەی عێراقیشەوە بۆ دێت.

دەشڵێ «ئەو قوماشەی سیدارەی لێ دروست دەکەم تایبەتن و دروستکراوی بەریتانیا و تورکیا و ئێرانن، بەڵام باشترینیان بەریتانییەکەیە".

دروستکردنی هەر سیدارەیەک وەکو دەڵێت نیو کاتژمێری پێ دەچێت و نرخەکەی لە نێوان ٢٥ بۆ ٣٠ هەزار دیناری عێراقییە. مام خەلیل ئامادەییی خۆشی نیشان دەدات بۆ ئەوەی خەڵک فێر بکات تاوەکو دروستکردنی سیدارە لە شاری هەولێر نەبڕێت.

یوسف کەمال کە بەباڵیۆزی سیدارەی بەغدادی لە هەولێر دەناسرێت، لەبارەی پەیوەندیی کورد بە سیدارەوە بە (گڵکەند)ی گوت مەعرووف جیاوک سیاسەتمەداری بەناوودەنگی کورد و یەکێک لە دامەزرێنەرانی دەوڵەتی عێراق، سیدارەی لە سەر کردووە و لایەنگری بووە.

بەهۆی ناسەقامگیرییەوە لە عێراق هەوڵی زۆر دراون بۆ کۆتایی پێهێنان بە لەسەرکردنی سیدارە، بەڵام هێشتا خەڵک لە سەری دەکەن و لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ەوە چەندین ڕێکخراو و ئەنجوومەن بۆ زیندووکردنەوەی سیدارە دەیان کۆڕ و سیمیناریان کردووە و لە هەولێریش شوباتی پار ئاهەنگێک بەو بۆنەیەوە ساز کرا. ●

## بتشکێن


گۆران سەباح

# بە درێژی و ئەستووری نییە

نووسەرانی مە، زۆربەیان، حەزیان لە خۆهەڵکێشان و خۆدەرخستن و ستایشە. ستایشی بکەی لێت دێتە پێش، ستایشت دەکات و پێتدا هەڵدەڵێت، داوەتی مەشروبیشت دەکات. هێندە مێشک گۆجن، ئەگەر بڵێی ناخۆمەوە، بەوەش تووڕە دەبن و وا دەزانن ئیسلامی.

کاتێ دەنووسێت یان دەڵێت: حەفتا کتێبم هەیە، یان سەت کتێبم چاپ کردییە، وا دەزانێت داهێنانی مەزنی کردییە. نووسەر هەیە بەدەیان کتێبی فیکری و چەندان ڕۆمانی هەیە، کەچی قینچکەی تەنگە و ڕەخنە قبووڵ ناکات. نموونەمان زۆرە، لەوانە هەر بڵێ نووسەری گەورەی گەلەکەمان، یان شاعیری گەورەی کوردستان، بە فەردە دەڵێ ئۆتەمە. ئەو جۆرە نووسەرانە لە هەر وڵاتێکی دی بان، دەگیران، چونکە زۆربەی کتێبەکانیان دزیارییە، ئەگینا، خێرە ئەو هەموو کتابەت هەیە و لەگەر کەرێ بتگۆڕمەوە زەرەرمە. باشە ئەو هەموو کتابەت لە کێ هێنا؟

کتێبێکی قانع خورشیدم خیندەوە لەبارەی تەنیایی، یەک ڕای خۆی نەبوو، هەمووی پێکوەنان بوو، فلان وا دەڵێ و فیسار وای گوت.

لە دانیشتنێکی یانەی کتێبدا گوتی یازدە کتێبم ئامادەیە لەسەر لاپتۆپەکەم. تومەز هەر ئەوها پێکیان وەدەنێت. جا سەت خۆزگەم بەمامۆستا قانع، ئەوانی دی هەر زۆر خراترن، هەر قسەی ئەم و ئەو ڕیز دەکەن و دواتریش پەرەگرافێک قسەی خۆیان دەنووسن. کتێب نووسین ئاوا بێت، مانگێ چار کتێبت لۆ دەنووسم.

مێشک کلۆرانی مە حەزیان لە درێژ و ئەستوورە. هەر لەخۆڕا زۆری دەنووسن هەتا کتێبەکەیان ئەستوور دەرچێت.

فۆنتی گەورە دەکەن، دیزاینی لاپەڕەکان تێک دەدەن بەس هەتا کتێبیان ئەستوور بێت.

ئێ خۆ بەدرێژی و ئەستووری و زۆری و بۆری نییە

کا بزانم کام کتێبتان کاریگەری ئەرێنیی هەبووە لەسەر کۆمەڵگە؟ تکایە بەسە ئەو هەموو کتێبە قۆڕ و بێ مانایە بەناوی فیکر و ڕۆمان و فەلسەفە مەنووسن، سنعاتەکەتان ڕەزیل کردییە. گەنجتان گەوجاند، حەیای نووسین و کتێبیشتان بردییە. ئاخر ئەگەر چاپخانەی پیشەییمان هەبا و بیانزانیبا کتێبی باش و داهێنان چییە، نووسەر بەکەیفی خۆی بەناو نەدەکەت.

ئەوجە ئەو نووسەرانە خراپ لێ دراینە لۆ نووسەرانی بیانی، ئێ کاکە تەماشایەکی ئەوان بکە بزانە یەکی چەند کتابیان هەیە. باشە مادام ئەو هەموو کتێبەتان هەیە، لۆ کەس ناتانناسێت، لە ئەورووپا نا، لێرە لە کۆڵانی پشتەوەی خۆتان، لۆ کەس بە ڕبەتان هیچ ناپێوێت؟ تومەز کتێبە زۆروزەوەندەکانتان هیچ نین. تکایە چیی تر قاقەزی خەسار مەکەن و واز لەو خۆهەڵکێشانەش بینن، چیی تر گەنج دەسخەرۆ مەدەن، لێ گەڕێن با گەنجان فێری سنعاتێک بن باشترە لە خوێندنەوەی ئەو کتێبە سەقەتانەی ئێوە. ●

## دوای حەفتا ساڵ ژیان لە نێوان دار و خەڵووزدا

# ”ڕۆژەك نەچمە ئیشێ شێت دەبم“

لە ناوچەکی نیمچە شاخاویی دووره ئاوەدانیدا، کە هێشتا ماکەکانی شارستانیەت دیمەنە گشتییەکەی نەشێواندووە، پیاوێک دەستبەرداری ڕابردوو نابێ و وەك دواهەمین سەرباز یەخەگیری سەنگەری کانە خەڵووزێکی تاقانەیە و ڕۆژانە بەدەستی ڕووت زێڕی ڕەش لە زەوی دەردێنێ


وێنەکان: شلێر سەعید

سەعدوڵڵا حەمەد لەبەردەم کانە خەڵووزەکەیدا

**شلێر سەعید**

«عومری خۆم لەناو دووکەڵی خەڵووز بەسەر برد»، سەعدوڵڵا حەمەد مستەفا (تەمەن ٧٦ ساڵ) لە منداڵییەوە لە کانی خەڵووز کار دەکا و بەری ٥٠ ساڵ لە ئەسکەندەریەی میسر تراکتۆرێکی بۆ کانە خەڵووزەکەی کڕی و بەری ٣٢ساڵیش بووە یەکەم کەس مۆڵەتی کوورەی خەڵووزی لە کۆیە وەرگرت، ئەو بۆ (گڵکەند) دەڵێ «یەکەم کەسم لە وراتی کۆیێ دەستم دایتە ئەو ئیشەی و تا هەوکەش دەستم لێ بەرنەدایە».

کوورە خەڵووزەکە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری کۆیە لەسەر ڕێگەی گوندی فەقێیان، کە حەفت کیلۆمەتر لە ماڵەکەی خۆی لەناو شاری کۆیە دوورە. سەعدوڵڵا حەمەد دوای ئەوەی باوکی دەمرێت، دەست دەداتە ئەو کارە و دەڵێ «هەشت ساران بووم، چارم نەبوو، دەبوو نان پەیدا کەم، ئەو وەختی لۆ بژێوی و ناچاری بوو، بەس ئێستە لێم بوویتە خولیا و بێ ئەو ئیشە ناژییێم».

ئەو سەرەتا بە لاسایکردنەوە دەستی پێ کرد و چاوی لەوانە دەکرد کە خەڵووزیان دروست دەکرد، بۆ خۆی چاڵێکی بچووکی لێ دەدا و داری تێ دەکرد و دەیسووتاند. سەعدوڵڵا حەمەد دەڵێ خاوەن کوورەکان زۆریان پێ ناخۆش بوو، دەیانگوت ئەو کوڕە زۆرزانە و فێر دەبێت، ئەویش دەستی هەڵنەگرت و وەک ڕەنجبەر ئیشی دەکرد، یەکەم جار بە شەش مانگ ١٥ دیناری لە ڕێگەی کانی خەڵووزەوە پەیدا کرد.

سەرەتا بەپشتی گوێدرێژ داری لە شاخ هێناوە و کردوویەتی بەخەڵووز و هەر بەپشتی گوێدرێژ گەیاندوویەتییە بازاڕ و فرۆشتوویەتی، دوای زیاتر لە ١٥ ساڵ کارکردن بەم شێوەیە، وەک خۆی دەڵێ «ساری ١٩٧٥ خۆم گەیاندە ئەسکەندەرییە و تراکتۆرەکی مۆدیل ٧٠م بە دووهەزار و پێنجسەد دیناری ئەودەمی کڕی، ئێستەیش مایتم، نۆ مندارم پێ گەورە کرد، لە هەراتەکەش پێ چوومە ئێران و چار مارم پێ ڕزگار کرد، لۆیێ بە دنیایێ ناگۆڕمەوە».

کارکردن لە کانی خەڵووزدا بەیەکێک لە پیشە سەختەکان دادەندرێ، بەڵام لەکن ئەو پیاوە کۆیییە کە لە نۆهەمین دەیەی تەمەنی نزیک دەبێتەوە، بوو بەحەز و ئارەزوو، لەگەڵ خوێنی تێکەڵاو بووە، دەڵێ «ئەگەر ڕۆژەک لەبەر نەخۆشی نەتانم بچمە ئیشێ، شێت دەبم، ئەمن بەو ئیشەی مایمە، هەموو ڕۆژێ بەدەستوپلی ڕەژوواوییەوە نانیش دەخۆم».

ئەو پیاوە ڕەنجدەرە بەیانیان کاتژمێر شەش دەچێتە سەر کارەکەی، دارەکان بە ڕێکوپێکی بەپێی کورت و درێژییان لەناو چاڵەکە ڕیز دەکا و خۆڵەبانی دەکا، تەنیا لوولەیەک دەهێڵێتەوە بۆ ئاگرتێبەردان، ئەوجا بۆ ماوەی دوو ڕۆژ دەیهێڵێتەوە تا ئاگرەکە خامۆش دەبێ و دارەکە لەناو چاڵەکەی خۆی دەبێتە ڕەژوو.


بەلای ئەوەوە، داری بەڕوو باشترینە بۆ دروستکردنی خەڵووز، بەڵام بڕینەوەی قەدەغە کراوە، دەشڵێ خەڵووزی داری باریک و باسکەبەڕوو زۆر باشە بۆ برژاندنی کەباب، بەڵام داری کالیبتۆز نابێ چونکە پریشکە دەکات، کەبابچییەکانیش ئەو جۆرەیان ناوێ، بەپێکەنینیشەوە دەڵێ دارەبەن و مازوو لە کاتی سووتاندندا وەک فیشەکە شێتە بە ڕووی کەبابدا دەتەقنەوە و تێکی دەدەن، بەڵام داری قەیسی و دار بی و ئەسپیندار و توو، بۆ ڕەژوو دروستکردن عەیبیان نییە.

کوڕەکانی ئەو پیاوە و زاواکانی و هەندێک لە خزمەکانی لەسەر دەستی ئەو فێری دروستکردنی خەڵووز بوون، پیاوی خەڵووزەکە دەڵێ لە دوای خۆی کوڕەکانی جێی دەگرنەوە و ئەو کوورەیەی دای مەزراندووە هەر دەمێنێت.

لەبارەی پاراستنی ژینگەشەوە کە ئەمڕۆ پرسێکی جیهانییە، ئەم پیاوە بەتەمەنە دووپاتی دەکاتەوە کە هیچ وەختێک داری تەڕ نابڕێتەوە، ئەو دارەی دەیکات بە خەڵووز، خۆیان وشک و کۆنن، دەڵێ «قەت درم نەهاتییە دارەکی تەڕ ببڕمەوە». ●


مام سەعدوڵڵا و تراکتۆرە کۆنەکەی، کە پێش ٥٠ ساڵ کڕیویەتی

ڕۆڵی جووەکان لە بواری هونەر


ئوسامە جەمیل

## دانیال قەساب

کە باسی هونەر لە هەولێرێ بکرێ، ناکرێ باسی هونەرمەندی گەورە دانیال قەساب نەکەین، ئەو پیاوە بەشێوەکی ئەکادیمی و هونەری بناغەی هونەری شانۆ و شێوەکاریی لە شاری هەولێرێ دانایە.

لە ساری ١٩١٣ لە هەولێرێ لەدایک بووە، بە نەتەوە کورد و بە ئاین جوو بوو، ناوی تەواوی دانیال عوزێر کەتساف هاڕونە، شێخ هاڕونی باپیری ڕاوێژکاری ئابووریی شای ئێرانێ بووە و نازناوی شێخی وەرگرتیە، کە شا دەمری و کوڕەکەی دێتە جێی بابی، دانووی لەگەر شێخ هاڕونی ناکورێ، لۆیێ شێخ هاڕون بە مار و مندارەوە ئێرانێ بەجێ دێری و دێتە هەولێرێ، لە قەراتێ دادەنیشی.

دانیال پێنج برا و سێ خوشکی هەبووە، هەموویان هونەرمەند بوون، لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی ڕابردی، لە شاری هەولێرێ یەکەم کەس کاری نیگارکێشیی کردبی پیاوەکی ئەرمەنی بووە بەناوی جیهانگیر، ئەو پیاوە دەستەکی بارای لە هونەری وێنەکێشاندا هەبووە، دیمەنی جوانی سروشتی کوردستانی کێشایە، هەروەها وێنەی تایە و کەرەستەی ئۆتۆمبێلی کێشایە و وەکو ڕیکلام لەسەر دیواری دوکانی فرۆشتنی ئەو کەلوپەلانە هەریواسینە، هەر لەبن کاریگەری ئەویش دانیال قەساب دەست بە وێنەکێشانێ دەکا و گرنگی بە هونەرەکە دەدا.

جیهانگیر لە ساری ١٩٣١ لە گەراجەکەی جەلال عەبدۆکی خۆی بە گوریسەکی هەردەواسی و کۆتایی بە ژیانی دەینی، لە ساڵی ١٩٢٠یش یێکەکی دیکە بەناوی ئیسحاق لە شاری هەولێرێ کاری وێنەکێشیی دەکرد، دانیال سەرەتا دەست بە وێنەکێشانێ دەکا و لە ماری خۆی لای سینەما سەڵاحەدین، مەرسەمەکی دروست دەکا و کۆمەرە قوتابییەکی وەکی جابر پیرداود، جەواد ڕەسول ناجی و فوئاد ڕەسول ناجی برای فێرە وێنەکێشان دەکا، دانیال دەبیتە مامەستای وێنە لە قوتابخانەی ئەربیل ئولا و ژمارەکی باش لە قوتابی پێ دەگەینی، پاشان دەگوازرێتەوە لۆ دواناوەندیی هەولێرێ و لەوێ دەبتە مامەستای هونەر، ساری ١٩٣٦ حوسێن حوزنی لە شاری هەولێرێ عەزیز سەلیمی شێوەکار دەناسی و هانی دەدا پێکەوە لەگەر دانیال قەساب لە هەولێرێ پێشانگەی شێوەکاری بکەنەوە، عەزیز سەلیم بە ١٢ تابلۆ و دوو پەیکەر، دانیال قەسابیش بە چەند تابلۆیەک بەشداری دەکا، دانیال هونەرمەندەکی بەتوانا بووە لە بواری بەکارهینانی ڕەنگدا، حوسێن حوزنی خۆی ئۆردەر و پڕوپاگەندەی پێشانگەکەیان لۆ چاپ دەکات، ئەم پێشانگەیە لە بالکۆنەکەی قوتابخانەی ئیبن خەلەکان دەکرێتەوە و ٤ ڕۆژی خایاندبوو، ساڵی ١٩٣٨ قوتابیانی ئامادەییی هەولێر پێشانگەیەکی شێوەکاری دەکەنەوە و هونەرمەند دانیال قەساب خۆی سەرپەرشتیی ئەو کارەی دەکا، قوتابیانی بەشداربوو ئەوانە بوون: مونیر و ناخوم قەساب، ڕەشید عەبدولقادر، سەڵاحەدین مستەفا، فوئاد ڕەسول ناجی، جەواد ڕەسول ناجی، تابلۆکان بە پاستیل و ڕون و ڕەژوو کێشرابوون، هەمووشیان لاساییکردنەوەی چەند تابلۆیەکی جیهانی بوون، ساری ١٩٤١ دەچیتە بەغدایێ و لەگەر چەند هونەرمەندەکی گرووپی برادەرانی هونەر دروست دەکا و لە هۆڵی مانگی سوور تابلۆیەکانی نمایش دەکات، لە سارانی ١٩٤٥- ١٩٤٦ لە کۆیێ مامەستا بووە و لەوێش کاریگەری هەبووە و چەندین پێشانگەی هونەریی کردتەوە. ●

# ئەمجەد قەساب:

# گەعدەی بڵاونەکراوەی فەرهاد زیرەکم لە کنە



نوێترین وێنەی هونەرمەند فەرهاد زیرەک

ئەمجەد ئەسعەد قەساب خاوەنی تۆمارگەی ناز لە جادەی ئیسکان، کە ئەرشیفێکی گەورەی هونەرمەندانی هەولێریی لە کنە، لە دیدارێکی (گڵکەند) دا چەند نهێنییەك ئاشکرا دەکات و باسی ئەو ڕۆژە دەکات کە گۆرانیی (لە پاش مەرگم)ی بۆ هونەرمەند مشکۆ تۆمار کرد، دەشڵێ ژمارەیەك زۆر دانیشتنی بڵاونەکراوەی فەرهاد زیرەکی لایە.



ئەمجەد ئەسعەد لەناو تۆمارگەکەی

وێنەکان: گەیلان حاجی

**نازم دڵبەند**

ئەو پیاوە دەیگێڕێتەوە کە خاڵە عەبدوللەتیف حاجی خورشید چەخماخچی ساڵی (١٩٥٢) خاوەنی یەکەم تۆمارگەی دەنگ بووە بەناوی تۆمارگەی عەبدوللەتیف، لەسەر دەستی ئەو فێر بووە. ئەو خاڵەی پێشتر لە (١٩٥٠)دا دوکانێکی لە بن قەڵاتێ داناوە بەناوی پێشانگەی (ئەفراح) بۆ فرۆشتنی ڕادیۆ و قەوانی گۆرانیبێژانی کورد و عەرەب و تورکمان، کە لەلایەن کۆمپانیاکانی چەخماخچی و بەیزافۆن لە بەغدا تۆمار دەکران و بڵاو دەکرانەوە.

سەرەتا تەسجیلی گرونیدک هەبوو، کە شریتی بەکرەی دەچووە سەر، تا لە ساڵی (١٩٦٩) کاسێت پەیدا بوو، لەگەڵیشیدا تەسجیلی (ئاکا)ی کاسێت کەوتە بازاڕ.

ئەمجەد ئەسعەد ئەوەش دەگێڕێتەوە کە لە سەرەتای دانانی ئەو تۆمارگەیە، بۆ دەوڵەمەندکردنی تۆمارگەکەی بە گۆرانیی گۆرانیبێژان، عەبدوللەتیف چەخماخچی بە سواری گوێدرێژ و هەگبەیەکی پڕ لە شریتی بەکرە و تەسجیلێکی گرۆندیکەوە دەچووە ئەو گوندانەی بەتایبەت کە لە ناوچە شاخاوییەکاندا بوون، بۆ تۆمارکردنی دەنگی ئەو کەسە دەنگخۆشانەی لەو دەڤەرەدا هەبوون، یەکەم کەس بووە حەسەن حەیران و حەسەن سیساوەیی و محەمەد ئۆمەراوەییی بەخەڵک ناساندووە، لاوک و حەیرانەکانی بۆ تۆمار کردوون، ئەوێ دەمێش تۆمارکردنی شریتی یەک سەعاتی بەدوو دینار بوو و کاسێتیش بە هەشت درهەم.

دوای ئەوەی تۆمارگەکە ناو و ناوبانگی دەرکرد، هەر لە ماڵەکەی خۆیدا ژوورێکی وەکو ستۆدیۆ تەرخان کرد بۆ تۆمارکردنی گۆرانی، بۆ تۆمارکردنی هەر بەرهەمێکی نوێش دەچووە لای حاجی یاسین حاجی جەمیل وەکیلی کۆمپانیای (فلیپس) لە هەولێر لە نزیک چایخانەی مەچکۆ، تەسجیلێکی نوێی فیلیپسی بەکرەی بە (٩٠) دینار لێ دەکڕی و دەیگوت نەوەک تەسجیلە کۆنەکان (بەرد)یان پیس بووبێ باش تۆمار نەکەن، ئەمانەش زیاتر لە سەرەتای ساڵانی حەفتاکانەوە بوو، ئەمجەد دەڵێ لەبەرئەوەی خاڵی زۆر متمانەی پێ بوو لە ئیشکردن، هەموو جارێ دەیکردە یاریدەری خۆی لە تۆمارکردن، ڕۆژانی تۆمارکردنی شریتەکانی سەلاح داودە، محەمەد عارف جەزراوی و محەمەد ئەحمەد ئەربیلی لە بیر ماوە، کە بەیاوەربی هونەرمەندە موزیکژەنەکانی وەک مستەفا ڕەئووف، واحید مەرجان، سیروان سەید ئەحمەد، نوورەدین تاقی و ئەکرەم خێلەکە بوون.

ڕووداوێکی خۆشیش لە کاتی تۆمارکردنی شریتی مەقامی (لە پاش مەرگم)ی (مشکۆ) دەگێڕێتەوە کە بەناوی ئاهەنگی دانیشتنی (خەستەخانە) ناوی دەرکردووە، مشکۆ ماڵی سووتابوو، نزیکەی حەفت مانگ لە خەستەخانە بوو بۆ چارەسەری، بە بەردەوام لەگەڵ خاڵی سەردانیان دەکرد، دەڵێ «خاڵم ڕۆژەک بانگی کردم و گۆتی ئەوشۆ خۆت حازرکە دوو سەعات بۆ مشکۆ تۆمار دەکەین، چووینە خەستەخانەی لای دوکتۆر عەبدولڕەزاق دەباغی ڕەحمەتی، چارەسەری مشکۆی دەکرد، چونکە زۆری خۆش دەویست، خاڵم مەسەلەکەی پێ گۆت، دوکتۆر عەبدولڕەزاقیش گۆتی بەو شەرتەی کە تەواو بوو دەیهێننەوە خەستەخانە و ئەو شریتەشی لەگەڵ خۆتان بۆ من دەینن. خاڵم بەوە ڕازی نەبوو، گۆتی کە بڵاوم کردەوە ئەوجە لۆت دەینم».

بەم شێوەیە مشکۆیان لە خەستەخانە دەرهێناوە، لەگەڵ مستەفا ڕەئووف، واحید مەرجان و ئەکرەم خێلە شریتێکیان بۆ تۆمار کرد، کە بڵاو کرایەوە یەک شریت بە (١٠) دینار دەفرۆشرا، لە ڕۆژێکدا (٣٦٠) شریتیان فرۆشتبوو.

ئەمجەد ئەسعەد قەساب لەگەڵ سوداد و موئەیەدی برای، لە هەولێرێ لە کەسە یەکەمەکان بوون کە ئامێری دەنگیان لە ئاهەنگ و بۆنەکان دادەنا، گۆرانییەکانیشیان تۆمار دەکرد، بەسەدان شریت و کاسێتی ئەرشیفیان پاراستووە، ئەمجەد دەڵێ «هێشتا ماڵمان لە قەڵاتێ بوو، لە ماڵی خۆمان جیهازم بۆ هونەرمەند فوئاد ئەحمەد دانا، بۆ ماوەی دوو سەعات دەنگی ئەوم لایە، کە گۆرانییەکانی زیاتر لەسەر جوانەمەرگبوونی تاهیری برای بوو، تا ئێستەش بڵاوم نەکردووەتەوە».

ئەمجەد لە تۆمارگەکەیدا پارەی لە هونەرمەندان وەردەگرت تا شریتیان بۆ تۆمار بکات، دەبوایە هەموو پێداویستییەکیش بۆ میوزیکژەنەکان ئامادە بکەن، بەڵام وەک خۆی دەڵێ پارەیان لە هونەرمەندان جەلال سەعید و فەرهاد زیرەک وەرنەدەگرت، یەکەم جاریش ساڵی (١٩٨٤) فەرهاد زیرەکی ناسیوە و لە بانەمان یەکەم ئاهەنگی بۆ تۆمار کردووە، تا گەیشتە ئەوەی دەیان دانیشتن و ئەگلەنجەی بۆ تۆمار بکات و ژمارەیەکی زۆری لایە، کە تا ئێستە بڵاو نەکراونەتەوە.

هەروەها چەند دانیشتنی مشکۆ هەیە، کە تەنها خۆیان گوێیان لێ بووە و لەناو ئەرشیفەکەی خۆی پاراستوونی. باسیش لە پیاوێک دەکات بەناوی حەسەن خۆچێ، کە گۆرانییەکانی مشکۆی دەگوتەوە، دەڵێ ئەگەر بەرامبەرت نەبوایە، قەت باوەڕت نەدەکرد مشکۆ نییە.

ئەمجەد قەساب بەتاسەوە دەڵێ ئەگەرچی باوی کاسێت و تۆمارگە نەماوە، بەڵام ئەو هەر وازی نەهێناوە، ئێستە تۆمارگەکەی بردووەتەوە سەر قەڵاتی هەولێر، بۆ ئەوەی تا هەمیشە شوێنەواری ئەرشیفسازی گۆرانی و میوزیک لەو شارە بە زیندوویی بمێنێتەوە.



تۆمارکردنی گۆرانی جاران لەسەر کاسێت بوو




ئەمجەد ئەسعەد لەبەردەم ئەرشیفی مۆسیقای کوردستانی

# ”لە هەولێر ڕەگەزپەرستی نییە“

## ئەفریقییەکان یاریگەیەک دەکەنە شوێنی کۆبوونەوەی خۆیان




وێنەکان: ئارینا جەعفەر



کچە ئەفریقییەکان لە ڕۆژی سەربەخۆیی سیرالیۆن لە یاریگاکە کۆبوونەوە

**ئارینا جەعفەر**

هەر ڕۆژێکی هەینی بەلای یاریگە بچووککراوەکەی شەقامی سەد مەتری بەرانبەر عەنکاوەدا تێپەڕی، دیمەنی سەرنجڕاکێشی کۆبوونەوەی لاوە ئەفریقییەکانی هەولێر دەبینی، ئەوێندەر لە یەک کاتدا جێی وەرزش و کۆبوونەوەی برادەرەکانیشە.

کە نزیک دەبیتەوە، کەشەکە پڕ وزە و دەنگ و ڕەنگی جیاوازە، لەلایەکەوە گۆرانیی ئەفریقیایی داگیرساوە و لەولاشەوە کۆمەڵ کۆمەڵ خەریکی یاریکردن یان قسەکردن و دانیشتنن.

ئەفریقییەکان تەنها خولیای گەورەیان بۆ تۆپی پێ نییە، بەڵکو ئەو یارییە بەشێکە لە کولتووریان، ئەوان لە هەولێریش کە زۆربەیان بۆ کرێکاری هاتوون، لە ڕێگەی تۆپی پێوە کۆ دەبنەوە، بووباکا گەنجێکی نێجیرییە و دوو ساڵە خۆی و خێزانی و منداڵە ساواکەی لە هەولێر دەژین، دەڵێ کاری ئەسکەلە دەکات، لە ڕێگەی کۆمپانیای شێرزادەوە بە هەولێر ئاشنا بووە و پێی وایە هەولێر خۆشترین شاری جیهانە.

ئەوان لە شوقەیەکی گەورەدا لە عەنکاوە دەژین، لەگەڵ هاوڕێ ئەفریقییەکانیدا بینایەکی گەورەیان بەکرێ گرتووە، پێی وایە کە سەرەتا دێیتە هەولێر، زەحمەتیی خۆی هەیە، بەڵام کە بە خەڵک و ئاین و کولتوورەکەیان ئاشنا دەبی، شتێکی ترە، ئەو گەنجە نێجیرییە دەڵێ ”لەو ماوە کەمەدا هەولێر هەستی نیشتمانیی دووەمی پێ دام، لێرە خەڵک بەڕێزەوە مامەڵەمان لەگەڵ دەکەن“.

کرێکارە ئەفریقییەکانی هەولێر بەهەڕەمەکی یاریی تۆپی پێ ناکەن، بەڵکو بەسەر چەند تیمێکدا دابەش بوون و هەر تیمێک ڕاهێنەری خۆی هەیە، کاپتن ماکویزدا کە ئەویش خەڵکی نێجیریایە و ڕێکخەری یاری و کۆکەرەوەی بەشێکی گەنجە ئەفریقییەکانە، دەڵێ لە پاڵ کارەکەی خۆیدا لە فرۆشگەیەکی هەولێر، وازی لە خولیای تۆپی پێ و ڕاهێنەری نەهێناوە ”کە ئەو گەنجانەم دیت تێ گەیشتم دەبێ چی بکەم، زۆربەیانم کۆ کردەوە، دەمزانی تینووی وەرزشن و ئەم یارییەش دەبێتە هۆی کۆکردنەوەی ئەفریقییەکان لە هەولێر“.

ئەو ڕاهێنەرە کە تەمەنی ٥٠ ساڵە، زۆر وڵات گەڕاوە، ساڵی ١٩٩٩ ڕاهێنەری تیمێکی تۆپی پێی منداڵان بووە لە ئەڵمانیا، پێی وایە هەولێر زۆر لە شارە ئەوروپییەکان باشترە، ئاسایش و ئارامیی ئێرە بەرز دەنرخێنێ، دەشڵێ ”لێرە وەکو هاوشارییەک ڕێزمان لێ دەگیرێ و هەست ناکەین بێگانەین و ڕەگەزپەرستی لێ نییە، ئاسانکاریی زۆرمان بۆ کراوە“. پلانی داهاتووشی هێنانی خێزانەکەیەتی بۆ هەولێر و دەیەوێ تا هەتایە لێرە بژی.

بووباکای نێجیرییش زۆر خۆشحاڵە کە لە هەولێر هەستی بە ڕەگەزپەرستی نەکردووە و دەڵێ نەک هەر خۆی، هیچ یەک لە هاوڕێ ئەفریقییەکانیشی لێرە هەستیان بەجیاوازی نەکردووە بەهۆی ڕەنگی پێستیانەوە یان بەهۆی ئەوەی خەڵکی ئێرە نین.

ئەو لە ماوەی دوو ساڵدا فێری زمانی کوردی بووە و دەڵێ کوردی زمانێکی ئاسان نییە، بەڵام بەهۆی ئەو هەموو خۆشەویستییەی لەناو کورد دەیبینێ، زوو بەشێکی زمانەکە فێر بوو، ژنەکەشی وشە سەرەتاییەکانی زمانی کوردی دەزانێ و دەڵێ خەڵک قسەیان شیرین و خۆشە لەگەڵیاندا، بۆیە بەبێ ئەوەی بچنە قوتابخانەی فێربوونی زمان، بەردەوامن لە فێربوون. دڵخۆشیشە بەوەی منداڵەکەی لێرە گەورە دەبێت و بەئاسانی زمانی کوردی وەکو هاوپۆلەکانی فێر دەبێت.

لەبارەی یارییەکانیان و بەڕێوەبەری یاریگە بچووککراوەکەشەوە، ماکویزدا دەڵێ کابرا زۆر یارمەتیان دەدات و لە پارەی کرێی ڕۆژانەی یاریگەکەش خاتریان دەگرێ و کەمتریان لێ وەردەگرێ.

ئەو ڕاهێنەرە پلانی هەیە دوو لە کرێکارە ئەفریقییەکان بگەیەنێتە ڕیزی یەکەمی تیمی یانەکانی کوردستان، دەشڵێ بەردەوام سەیری یارییەکانی خولی کوردستان دەکات.

ئاراس عومەر بەڕێوەبەری یاریگەکە باس لەو کرێکارە ئەفریقییانە دەکات کە هەندێکیان ماوەی پێنج ساڵە هەفتانە بە بەردەوامی سەردانی یاریگەکەی دەکەن، دەڵێ کەسانی ڕێکوپێک و بێ کێشەن، لە کاتی خۆیاندا دێن و لە کاتی خۆیشیاندا یاریگەکە چۆڵ دەکەن.

هەینیی ڕابردوو ڕۆژی سەربەخۆیی وڵاتی سیرالیۆن بوو، بەم بۆنەیەوە کرێکارە ئەفریقییە کوڕەکان ژمارەیەک کچە کرێکاری سیرالیۆنییان بۆ یاریگەکە داوەت کردبوو، لەگەڵ ئەنجامدانی ئاهەنگێک، یارییەکی تۆپی پێی دۆستانەشیان بۆ کچە کرێکارە ئەفریقییەکان ڕێک خست. ●

---

کوردستان



کوردستان موکریانی

## لاپەڕەیەك لەو نووسینانەی بۆ خۆم نووسیون

### (جلی بووکێنی ڕەنگ پەمبەیی)

جلی بووکێنی ڕەنگ پەمەیی، خۆی لە گوڵێکی سپی تەمەن بەهاری ئاڵاندبوو، بەڕادەیەک جوانتری کردبوو، دەتتوانی نێوی شای گوڵانی لێ بنێیت. هەر لە منداڵییەوە داوای لێکرابوو، کە لە جێژنی سەری ساڵدا بەبووک بچێت و جلەکانیشی ڕەنگی پەمبەیی بێت، نەک سپی. بووکە ئەو خۆزگەیەی، کە بۆ دایکی نەهاتەدی، ئەو بۆی هێنایەدی.

بیست و پێنج ساڵێک لەمەوبەر ئاننای دایکی و ئیڤانی باوکی، کە زۆر یەکتریان خۆشدەویست، بڕیاریان دابوو، ئاهەنگی دامەزراندنی ژیانی خێزانی خۆیان بکەوێتە جێژنی سەری ساڵ، تاوەکوو جێژنەکەیان ببێت بە دووان.

بۆ ئەوەی دایکی کوڕە لەم بۆنەدا بەشداری ئاهەنگی خۆشی کوڕە تاقانەکەی بکات، ئیڤان دەچێت بەشوێنیدا، هەتا لە شارێکی دوورەوە لەگەڵ خۆی بیهێنێت بۆ مۆسکۆ. ڕۆژی ٣١ ی دیسەمبەر داهات. ژووری بووک و زاوا ڕازاندراوە، داری جێژنی سەری ساڵ دەمێک بوو ئامادە کرابوو. خزم، دۆست و ئاشنا و ناسیاران کۆببوونەوە. کێکی ئاهەنگ، لەلایەن بووک و زاواوە چاوەڕێی لەتکردن بوو. شەو داهات، یار هەر نەهات، سەئات دوازدەی شەو لێیدا و مۆژدەی لەدایکبوونی ساڵێکی نوێی بە هەموو لایەک دا. هاوڕێی ژنە هەر نەهات. ئاننا چاوەڕێ بوو لە گۆڕەپانی سۆردا پێکەوە لەگەڵ ئیڤاندا لەم شەوەدا لەنێو ئەو هەزاران هەزار کەسەی لەو گۆڕەپانەدا پێشوازی لە ساڵی نوێ دەکەن. تێر سەما بکەن، کەچی ئیڤان هەر نەهات.

ئەو شەوە بوو، ژنە بڕیاری دا، ئەو منداڵەی لە سگی دایە، ئەگەر کچ بوو نابێت بە جلی سپی بە بووک بچێت، نەوەک ئەویش وەکوو ئەوی لێ بەسەربێت. ژووری بووکێنیشیان دەبێت هەروەکوو خۆی بە ڕازاوەیی بمێنێتەوە، تاوەکوو کچەکەی بزانێت تا چ ڕادەیەک باوکی خۆشویستووە. ئەو باوکەی ڕۆژکار لە ڕۆژی بووکێنیدا لێی فڕاند.

وا دیارە ژنی ئەم خرکەی زەوییە لەژێر چ جۆرە ئایدیۆلۆژییەک، دینێک، بڕوایەک پەروەردە بکرێت، لە هێندێک هەڵوێست و خوو و ڕەوشتدا هەر یەک دەگرنەوە، بەوەی خۆیان وابەستە و بەند و کۆتی خوویەک دەکەن، باوەڕی پێ دەهێنن و هەموو ژیانیان دیل و گیرۆدەی دەبن، هەروەکوو هەڵوێستی ئاننای سۆڤیێتی بەرامبەر بە ڕەنگی سپی! لای ئێمەی ڕۆژهەڵاتی، وێنەی ئاننا زۆر دەبینین و دەبیسین.

لە هەمان کاتدا جیاوازییەکیش لەنێوان بەسەربردنی ژیانی ژنێکی سۆڤیێتی لەگەڵ ژنێکی ڕۆژهەڵاتیدا لە دۆخێکی ئاوادا دەبینین، ژنە سۆڤیەتێکە دوای ماوەیەک بۆی زۆر ئاساییە سەرلەنوێ خێزانێکی نوێ دابمەزرێنێت، لای ئێمە ژنە هەرچەند گەنجیش بێت وا ڕاهێندراوە، کە ڕێگە بەخۆی نەدات بۆ ئەوەی دیسانەوە ژیانی خێزانی پێکبهێنێت، یەک لە بیانۆکان ئەوە دەبێت، کە منداڵەکەی لەژێر سێبەری زڕ باوکدا گەورە نەبێت.

لە کاتێکدا، ئەگەر ئەم ڕووداوە بەپێچەوانە ڕوویدابا، بەواتا بووکەکە لەو شەوەدا لە ژیاندا نەمابا، بەشێوەیەکی گشتی زاوای ڕۆژهەڵاتی هەر لەنێو پرسەدا دەبێت، نەک هەر بیر لە باری تایبەتی خۆی دەکاتەوە، بەڵکو چاو دەگێڕێت! ●

مۆسکۆ

١٩٧٥/١/٣١

فەرمانی دەستگیرکردنی مەلا ماتۆڕ

# 14 پێشمەرگە هێزە ئەمنییەکانی ڕژێمیان لە گۆمەسپان گەمارۆ دا

د. سنوور سەباح

حکوومەتی عێراق بەتۆمەتی هاوکاریکردنی هێزەکانی پێشمەرگەی ئەیلوول و گەمارۆدانی بنکەیەکی سەربازیی ڕژێم، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ ١٤ پێشمەرگە لە دەڤەری خۆشناوەتی دەرکرد، کە لەناویاندا کەسایەتیی ناسراو بە مەلا ماتۆڕ هەبوو.

لە نووسراوێکی دەستەی لێکۆڵینەوەی تایبەت لە هەولێر، کە بە ژمارە ٦٥/٦٤٤ لە ڕۆژی ١٠ی ١٢ی ١٩٦١ بۆ بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی لیوای هەولێر (پارێزگەی هەولێری ئێستە)ی ناردووە، ناوی ئەو هاووڵاتییانە و ناوی گوندەکانیانی ئاشکرا کردووە.

بەپێی نووسراوەکە، ئەو هاووڵاتییە کوردانە لە ئابڵووقەدانی بنکەی هێزە ئەمنییەکانی ڕژێمی عێراق لە گوندی دەربەندی گۆمەسپان، بەشدار بوونە و هاوکاریی هێزەکانی پێشمەرگەیان لە شۆڕشی ئەیلوول، کردووە.

دەستەی لێکۆڵینەوەی تایبەت لە هەولێر لە نووسراوەکەیدا، داوای لە بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی لیوای هەولێر کردووە ئەو هاووڵاتییە گوندنشینە کوردانە دەستگیر بکەن، کە ئەوکات و بەپێی نووسراوەکە، خۆیان بەدەستەوە نەداوە و خۆیان حەشار داوە.


بەهۆی کاریگەریی ئەو زەبرەی پێشمەرگە لە هێزەکانی ڕژێمی ئەوکاتی عێراقی داوە، وێنەیەکی نووسراوەکە بۆ موتەسەڕیفیەتی لیوای هەولێر، فەرماندەییی فیرقەی دووەم لە کەرکووک، بەڕێوەبەرایەتیی ئەمنی عامە، هەواڵگریی سەربازی لە بەغدا، فەرماندەییی سەنتەری هەواڵگریی سەربازی لە هەولێر و دەستەی لێکۆڵینەوەی تایبەت لە بەغدا، نێردراوە بۆ ئەوەی زانیارییەکانی خۆیان ڕوون بکەنەوە.

ناوی پێشمەرگەکانی گوندەکانی دەڤەری خۆشناوەتی لە بناری چیای سەفین:

- مەلا عەولا ناسراو بە (مەلا ماتۆڕ).
- ساڵح میران.
- ئەحمەد کوخە وەسمان، خەڵکی گوندی قەڵاسنج.
- سەعید کور وەسمان، خەڵکی گوندی قەڵاسنج
- حاجی عوسمان، خەڵکی گوندی قەڵاسنج.
- حەمەد سادق، خەڵکی گوندی ناودارۆکان.
- حاجی حەسەن، خەڵکی گوندی ناودارۆکان.
- ئەحمەد حەمە سادق، خەڵکی گوندی سارتکە
- مستەفا خدر، خەڵکی گوندی ساریکە.
- قاسم شێخ محەمەد، خەڵکی گوندی سارتکە
- ئەیوب ئەسعەد، خەڵکی گوندی سولاوکە.
- حامد حەسەن، خەڵکی گوندی سولاوکە.
- فەیزی ئەسحەد، خەڵکی گوندی زیارەت.
- کاکە نادر، خەڵکی گوندی زیارەت.

مەلا عەولای کوڕی حاجی سمایل ئەحمەد ناسراو بە مەلا ماتۆڕ، ساڵی ١٩٢٧ لە گوندی حەسەن بلباس لە کەندێناوە لەدایک بووە، بە پایسکل و ماوەیەکیش بە ماتۆڕ لە قەراج و دەشتی دزەییيان بۆ ئیشوکاری ڕێکخستنی پارتی دەگەڕا، ساڵی ١٩٥٤ ئەندامی لێژنەی ناوچەی هەولێری پارتی بووە، ساڵی ١٩٥٦ سەرپەرشتیی ڕێکخستنەکانی لە مووسڵ و ناوچەی بادینان کردووە، ساڵی ١٩٥٩ سەرۆکی لێژنەی ئامادەکاریی کۆنگرەی چوارەم بووە لە بەغدا.

لە ١٩٦١ تا ١٩٦٤ سەرکردەی سەربازی بووە لە شۆڕشی ئەیلوول، لە داستانەکانی دەشتی هەولێر، دۆڵی خۆشناوەتی، ،قەڵادزێ، سیدەکان، لۆلان و خواکورک بەشداریی کردووە. لە ١٩٧٤ تا ١٩٨٨ پۆستی وەزیری دەوڵەتی لە حکوومەتی عێراق وەرگرتووە. ساڵی ١٩٨٩ خانەنشین کراوە و گەڕاوەتەوە هەولێر، ساڵی ٢٠٠٠ هەر لە هەولێر کۆچی دوایی کرد.


الهيئة التحقيقية الخاصة في اربيل
العدد/ ٦٥/ ٦٤٤
التاريخ ١٠/ ١٢/ ١٩٦١

الى/
مديرية شرطة لواء اربيل

قررنا اصدار مذكرات امر القبض بحق المتهمين الهاربين المدرجة اسماءهم ادناه وفق المادة ... لاشتراكهم وتعاونهم مع المتمردين في محاصرة مخفر قرية دربند كومسپان دار المشتكي كمال خورشيد وذلك في القضية المرقمة ٦٥/ ٩٦١ يرجى اتخاذ الاجراءات اللازمة بغية القبض عليهم.

اسماء المتهمين الهاربين
١- ملا عولا (الملا ماطور)
٢- صالح ميران
٣- احمد كوخه وسمان - من قرية قلاسنج
٤- سعيد كورو سمان - - -
٥- حاجي عثمان - - -
حمد صادق - ناودار وكان
٧- حاجي حسن - - -
٨- احمد حمه صادق - سارتكه
٩- مصطفى خضر - - -
١٠- قاسم شيخ محمد - - -
١١- ايوب اسعد - سولاوكه
١٢- حامد حسن - - -
١٣- فيضي اسعد - من قرية زيارت
١٤- كاكه نادر - - -

الحاكم
ممثل الجيش

متصرفية لواء اربيل
قيادة الفرقة الثانية في كركوك
مديرية الامن العامة
الاستخبارات العسكرية في بغداد
امرية مركز الاستخبارات العسكرية في اربيل
الهيئة التحقيقية الخاصة في موقع بغداد
للتفضل بالمعلومات


پۆرتریتی مەلا عەولا ناسراو بە (مەلا ماتۆڕ)



تابلۆی مەلای گەورە و کچەکەی لەلایەن شێوەکاری کورد ژیلەمۆ

# مەلای گەورەی کۆیە عەلمانی بووە؟

# ”ئەوانەی کاری چاك دەكەن، موسوڵمانیش نەبن دەچنە بەهەشت“

**گڵكەند**

زانایەکی ئاینیی ڕچەشکێن، نەتەوەپەروەر، بیرکراوە و ڕیفۆرمخواز، شاعیر و قازی بووە؛ یەکەم کەسە لە کۆیە کچەکەی ناردووەتە تاکە قوتابخانەی شارەکە، کوڕەکەی پێی وایە عەلمانی بووە و زۆر باوەڕی بە حەدیس نەبووە. هەروەها باوەڕی وا بووە میراتی کوڕ و کچ وەک یەکە، ئەو کەسانەی کاری چاکیشیان کردووە، با موسوڵمانیش نەبووبن، هەر دەچنە بەهەشت.

فاروق محەمەد کوڕی بچووکی مەلای گەورەی کۆیە، ئێستە تەمەنی ٩٣ ساڵە و لە دیدارێکی (گڵکەند) دا باسی ژیان و باوەڕی مەلای گەورەی باوکی دەکا، نازناوەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە لە هەژدە ساڵییەوە ئیجازەی مەلایەتیی وەرگرتووە، جگە لە زمانی کوردی، زمانەکانی تورکی، فارسی و عەرەبی دەزانی، دەیگێڕێتەوە کە “جارەکیان چەند مەلایەک دەچنە کن حەمەئاغای کۆیە شکات لە مەلای گەورە دەکەن کە داوای لە خەرکی کردبوو خۆیان فێری زمانی ئینگلیزی بکەن، حەمەئاغاش کە بابم دەبینی دەرێ ماموستا ئەو قسەیە ڕاستە، ئەویش دەرێ ڕاستە گۆتیتم، فەرزە هەموو خەرک فێری زمانی ئینگلیزی بن”.

مەلای گەورە نەجیبە خانی کچی وەک یەکەم کچ لە تەمەنی حەفت ساڵیدا خستە بەر خوێندن و ناردییە تاکە قوتابخانەی کۆیە کە تەنها کوڕی لێ بوو، خەڵک بەلایانەوە سەیر بوو، بەڵام ئەو گوێی پێ نەدا و پێی وا بوو هیچ جیاوازییەک لە نێوان کوڕ و کچدا نییە، هەروەها بەشێک لە دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکانی ڕەت دەکردەوە، بۆ نموونە خەڵکی لەسەر ئەوە ڕاهێنا کە نابێت ژن بە تەنیا لەلایەک نان بخوات، بەڵکو هەمووان بە گەورە و بچووکەوە لەسەر یەک سفرە نان بخۆن، باوەڕی وا بوو ژن و پیاو لە بەشە میراتدا یەکسانن نەوەک بە دوو ژن بەشی پیاوێک وەربگرن، جارێکیان ژنێک هاتە لای سوێندی بە قورئان خوارد کە مانگی بینیوە، ئەویش لەسەر قسەی ژنەکە کردی بە جەژن.

وەک مامۆستا فاروق باسی دەکات، مەلای گەورە «وێنە ڕاستەقینەکەی ئاینی ئیسلامی» پیشانی خەڵک دەدا و دژی هەموو ئەو خورافیاتانە بووە لە پەنای ئاین باس دەکران، پێی وا بوو هەر شتێک لە دەرەوەی ئەقڵی مرۆڤ بێت لە ڕاستییەوە دوورە، بڕوای وا بوو مرۆڤ بۆ ئەوەی ببێتە موسوڵمانێکی ڕاستەقینە تەنیا نوێژ و ڕۆژوو بەس نین، بەڵکو پێویستە کرداریشی چاک و دوور بێت لە خراپەکاری، بەشێوەیەک پێی وا بوو ئەو کەسانەی خزمەتی مرۆڤایەتییان کردووە، ئەگەر موسوڵمانیش نەبن، لە ڕۆژی دواییدا خودای گەورە دەیانخاتە بەهەشت، نموونەی زیندوویشی ئەدیسۆنی داهێنەری کارەبا بوو.

هەروەها زۆر بڕوای بە فتوای زانایانی جیهانی ئیسلامی نەبوو، پێی وا بوو دەبێت ئاینی ئیسلام لەگەڵ سەردەمدا بگونجێندرێ، بۆ شیکردنەوەی پرسە ئاینییەکان زۆر گرینگیی بەفەرموودەکانی پێغەمبەری ئیسلام نەدەدا، پێی وا بوو بەشێکی زۆریان وتەی پێغەمبەری ئیسلام نین و هەڵبەستراون، گەشتی عەمرەشی بەپێویست نەدەزانی.

وەک مامۆستا فاروق ئاماژەی بۆ دەکات مەلای گەورە پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ مەلیک فەیسەڵی یەکەم مەلیکی عێراقدا هەبووە، مەلیک داوا لە مەلای گەورە کردبوو ساڵانە لە سێ مانگی وەرزی هاویندا بچێتە کۆیە تاوەکو لەسەر دەستی ئەو فێری زانست و زانیاری ببێت، دواتر داوای لێ کرد بچێتە بەغدا، بەڵام مەلای گەورە ڕەتی کردەوە و پێی گوتبوو ناتوانێت لە دووریی خەڵکی خۆی بژی.

مەلای گەورە پیاوێکی نەتەوەیی بووە، داوای مافەکانی گەلی کوردی لە مەلیک کردووە، شانازیی بەجەژنی نەورۆزەوە دەکرد، ساڵێکیان لە وتارێکدا لەبەر دەرکی سەرای کۆیە پیرۆزباییی جەژنی نەورۆزی لە خەڵکی کرد، بەر لە دروستبوونی دەوڵەتی عێراقیش قازیی کۆیە بووە و سەرجەم بڕیارەکانیشی بەزمانی کوردی نووسیون.

مامۆستا فاروق باس لە تایبەتمەندییەکی تری مەلای گەورە دەکات و دەڵێ مەلایەکی عەلمانیی خواپەرست بوو، پێکەوەژیانی ئاینەکانی بەگرینگ دەزانی، بەردەوام کریستیان و جووەکانی کۆیە سەردانیان دەکرد، ئەویش لە سەرێی دیوەخان جێگەی بۆ دادەنان، ڕێزی زۆری دەگرتن؛ سەردانیشی دەکردن.

یەکێکی تر لە جیاوازییەکانی مەلای گەورە ئەوە بوو، جگە لە کتێبی ئاینی، کتێبەکانی داروین، ژیاننامەی ناپلیۆن و چەندین کتێبی تری دەخوێندەوە، ئاگەداری سیاسەتی جیهان بوو.

# بە گوێزان، لاگوێیەکی جەمالی مشیر چایەچیم بڕی


وێنە: رێبەند سەعدوڵا



## سەباح عەبدولڕەحمان

## یادگەی خۆم وەک خۆی


ئەوسا لە جادەکانی هەولێر خەڵکی پیادە بە ئیسراحەت و بێ ترس لەناو جادە دەڕۆیشتن، هەندێ جاریش مامەڵەی کڕینی تەڕە و کاڵای سەر عەرەبانە و لەسەر پشتی کەرێ، لەسەر جادە دەکرا.تاک تاکەش هەر نیو سەعات و سەعاتێک ئۆتۆمۆبێلێک دەردەکەوت و لە دوورەوە بە هۆڕن لێدان تێ دەپەڕی.. هەندێ لە فرۆشیار و کاسبکاران بە پایسکیل کاروبارەکانیان بەڕێوە دەبرد.. کەباب فاروق و کەباب شەوقی بۆ گەیاندنی کەباب زۆر لە جادەکان دەبینران.. تەنانەت لەنێو بازاڕ و قەیسەری هاتوچۆی پایسکیل هەبوو.. منیش بەهەنجەتی دووریی نێوان سەرتاشخانەی باوکم و ماڵەوە داوای پایسکیلم کرد، دڵیان نەشکاندم و بۆیان کڕیم.. زۆرم کەیف پێ هات و ئینجا کەوتمە ڕازاندنەوەی پایسکیلەکەم.. هەرچی ڕۆژانە و بەخشیشی دوکانم دەست دەکەوت، لە کڕینی ئەکسسواراتی پایسکیلەکەم سەرف دەکرد.ئەوەندە سەرسامی پایسکیلەکەم بووم، ناوە ناوە وێنەشم لەگەڵ دەگرت. خوا خوام بوو باوکم بۆ کارێک ڕام بسپێرێ.. تاوم دەدا پایسکیلەکەم و بۆی دەردەپەڕیم.. ڕۆژێکیان باوکم ناردمی کۆلۆیەک برنجی کوردی بکڕم، سواری پایسکیلەکەم بووم بە کۆڵانەکەی تەنیشت عەدۆی بووزفرۆش شۆڕ بوومەوە ناو بازاڕی ماستفرۆشان و بەکۆڵانە تەسکەکەی قەسابان هەڵدەکشام، تایەی پایسکیلم خزییە نێو جۆگەلەی ئاوەڕۆی ناوەڕاست و خۆم کێشا بەگەنجێکی باڵابەرزی چوارشانە.. هەرکە ئاوڕی لێ دامەوە بەدەستێک پێشی پایسکیلەکەمی بەرز کردەوە.. منیش لە دواوەی پایسکیل بەعەرز کەوتم.. گەنجەکە ویستی پەلامارم بدا.. خواوڕاستان عادل قەساب و شەهاب بازرگان غاریان دایێ و پێشیان لێ گرت، لێ نەگەڕان بمگاتێ. منیش غارم دا دوور کەوتمەوە.. چاوەڕوان بووم هەتا کابرایان هێور کردەوە و ڕۆیشت.. کە گەڕامەوە لای پایسکیلەکەم، دیار بوو مام شەهاب پرسیاری لە عادل قەساب دەکرد "بو کیم دی؟" "ئەوە کێ بوو؟"..

عادل قەسابیش پێی گۆت "بۆ نازم عەسافتی چۆغ بیر بیجمە ئۆشاغتی" یانی ئەوە نازم عەساف بوو.. منداڵەکە زۆر بڵحە.. منیش سەیری پایسکیلەکەم دەکرد سوکانەکەی خوار بووبوو.. ئەوەندەی لە خەمی پایسکیلەکەم بووم ئاگام لە ئازاری قونەجۆرەم نەمابوو.. هەرچۆنێک بێت بە شەلەشەل ڕێم گرتە بەر بەناو قەیسەریی سەوزەچییان تا گەیشتمە دوکانەکەی ڕۆستەم بەقاڵی ڕەحمەتی و برنجەکەم کڕی و گەڕامەوە دوکانێ.. نەشوێرام بەسەرهاتەکە بۆ باوکم بگێڕمەوە.. بەڵام ئاسەواری بە شەرواڵەکەمەوە دیار بوو.. چڵکاوی جۆگەڵەکەی ئەو شوێنە ئاوی سەوزەچی و خوێنی قەسابەکان لاتەنیشتەکی ڕەنگاوڕەنگ کردبووم، بەڵام بەباوکم گوت کەوتمە خوارێ و بەس.. ئەگەرچی بڕوای پێ نەکردم بەڵام ئیزنی دام بچمەوە ماڵێ تا جلەکانم بگۆڕم.. بیست فلسی ڕۆژانەکەم وەرگرت، بیست فلسی بەخشیشم لە گیرفان بوو.. بەر لەوەی بچمە ماڵەوە خۆم گەیاندە لای پایسکیلچی کە لەسەر ڕێگەم لە خوار دوکانی "عەلی کەرانە"ی بوو.. سوکانەکەیان بۆ چاک کردمەوە و دوو ڕیشەی ڕەنگاوڕەنگیشم بۆ تایەکان بەست. ئەو سەردەمە شوێن و وەستای پایسکیلی بەقەد فیتەری ئۆتۆمۆبێلی بوو.. بەشێکی زۆر لە سەرباز و پۆلیس و وەستای بیناسازی و هەندێک کارگوزار و پاسەوانی فەرمانگەکان و پۆستەچی و ئەو قوتابیانەی کە باری بژێویان باش بوو، پایسکیلیان بەکار دەهێنا.باوکم جاروبار کە سەرتاشینی منداڵی دەهاتە بەردەست، بانگی دەکردم. دەیگوت وەرە تەماشاکە بۆ ئەوەی فێر بی.. شانە و مەقەست ئاوا دەگری.. یەکە بەیەکە هەنگاوەکانی بۆ شەرح دەکردم.. ڕۆژێکیان باوکم نیوەڕۆکە چووبووە نوێژی هەینی.. لۆ نەگبەتی جەمالی کوڕی مشیر چایەچیم لێ بەژوور کەوت. چایخانەکەی باوکی ڕێک بەرامبەر دوکانی باوکم بوو.. جەمال منداڵەک بوو تا بڵێی بڵح و ناڕەحەت و پیس و پۆخڵ بوو، بە عەجولی خۆی هەموو جیرانەکانی وەڕس کردبوو.. جەمال هەر هاتە ژوورێ و لەسەر کورسییەکەی سەرتاشینێ دانیشت.. گوتی دەی سەباح وەرە سەرم بتاشە.. منیش زۆر ئاسایی بەمتمانەییەکی تەواو، خاولیم لە ملی جەمالی پێچا و دەستم بە هەڵپاچین و بڕینی قژە قرێژاوییەکەی کرد. پاشان وەستایانە سەر گێیەکانم بە ئاوڕشێن تەڕ کرد و ویستم بە گوێزان تووکی سەر گوێچکەکانی خاوێن بکەمەوە.. هەرکە تیغی گوێزانم دانا و دەستم داگرت، لاگێیەکم بریندار کرد.. جەمال گوتی ئای.. بەڵام چونکە گوێزانەکە زۆر تیژ بوو، هەستی بە ئازاری برینەکەی نەکرد. من دەمدیت باوکم ئەگەر کەسێک لە کاتی ڕدێن تاشیندا زامدار بوایە جامێکی بچووکی هەبوو پارچەیێک شەبی خستبووە نێو ئاوی جامەکە بۆ ڕاگرتنی خوێن بەکاری دەهێنا.. منیش زۆر وەستایانە پارچە لۆکەیەکم لە ئاوی "شەبەکە" هەڵێنا و خستمە سەر گوێی جەمالی.. هەر ئەوەندەم بینی جەمال وەک ئەوەی گوللەییێکت لێ دابی.. بەپۆشاکی ملیەوە دەرپەڕییە دەرەوە بەهاوار هاوار دەروجیرانی کۆ کردەوە... منیش لە کونجێکی دواوەی دوکان خۆم حەشار دابوو.. باوکم لە مزگەوت گەڕایەوە و گەیشتە سەر ئەو هەڵلایە.. خۆی و حاجی گەزۆ و وەستا خدر نەجاڕ و مام مشیر چایەچی باوکی جەمالی.. کوڕەکەیان بە سەروگوێیی خوێناوی هێنا ژوورێ. برینیان تیمار کرد و پێچایانەوە.. ئاگام لێ بوو باوکم هێوری دەکردەوە بەوەی کە سزاییێکی توندی من دەدا.. دەروجیرانیش دڵی باوکمیان دەداوە.. دەیانگوت چ نییە نا، منداڵە و خۆ بەئەنقەست ئەو کارەی نەکردییە.. من لە ترسی سزای باوکم هەموو جەستەم دەلەرزی.. باوکی جەمالیش بەباوکمی دەگوت.. بابە کوڕەکەی من هیچوپووچە دەنا کو سەری خۆی دەخاتە بەردەستی ئەو منداڵە سەبییەی.. وەستا ڕەحمان قبووڵم نییە یەک دەستی بگەیننییە سەباحی. حەشامەتەکە جەمالیان بەپێشە خۆیان دا.. وردە وردە دوکانیان چۆڵ کرد.. منیش لە سووچەکەی لەسەر چنچکان خۆم مات کردبوو. چاوەڕێی لێپرسینەوە و سزای باوکم بووم. بەڵام بەپێچەوانەی لێکدانەوەم، باوکم لێم نزیک بووەوە.. دەستی گرتم و

گوتی: هەستە کوڕم هەستە قیت بەوە. "سوار هەتا سێ چار جاران نەکەوی نابیتە سوارچاک". لە تەنیشت خۆی دانیام، منیش پشییەکم هاتەوە بەر. پێی گوتم: "بۆ جارەکی دی ئەگەر کەسێک داوای کارێکی لێ کردی، تێ بفکرە ئەوجا مل لە ئیشەکەی بنێ".پێی گوتم: "زۆر زوو متمانە بەبرادەر مەکە. برادەری خراپ فریوت دەدا و تووشی هەڵەت دەکا. هەر برادەرە بەغیلیت پێ دەبا و بەڕەی لەژێر پێت دەخلیسکێنێ و دەتهێخێ بۆ ئەوەی شوێنت بگرێتەوە". ئەو پەند و وتە و ئامۆژگارییانەم زۆر چاک لە مێشک چەسپا و گەلێکیانم تاقی کردەوە. وەک وانە لێی فێر بووم و لە ژیان و ئەزموونی هونەریم بوونە بەشێک لە بەرنامە و ستایل و شێوازم.لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنم، حەز و ئارەزوو و مەیلم گۆڕانکاریی بەخۆیەوە دەبینی. هەر بۆ ئەوەی لە ماڵەوە بگیرسێمەوە، جووتە کۆترێکیان بۆ کڕیبووم تا بەخێویان بکەم و پێیانەوە خەریک بم. لە سواندەی زۆربەی خانووەکانی هەولێر، بەتایبەتیش لە گەڕەکە هەژارنشینەکان، کۆتر دەبینرا. منیش مەراقم لە کۆتری شینی سەر بەقەپلاغ و پێ پەڕاویی دەنووک بچووک دابوو. ئەو جۆرەیان تەقڵەباز بوو و لە فڕیندا شەقەی باڵی دەهات. ئەو کاتە لە پۆلی شەش بووم، برادەرێکم لە قوتابخانە ئەویش کۆتری بەخێو دەکرد، پێی گوتم: ئەو کۆترانە لای قادر ناوێک لە تەیراوە هەیە، بەڵام نرخەکەی گرانە. ڕێککەوتین بەیەکەوە بچینە ماڵی قادری لە پشت قوتابخانەی مستەوفی. من دوو درهەمم لە گیرفان بوو. کە چووینە لای قادری سەیرمان کرد کوڕێکە هەر لە تەمەنی خۆمان، بەڵام کۆتربازێکی لێزان. قەفەسێکی گەورەی هەبوو، دەرگەیێکی پێوە بوو بەقەد باڵای خۆی، زۆربەی کۆترەکانی ناو قەفەسەکە شینی قەپلاغی بوون، دیار بوو ئەو بازرگانیی پێوە دەکردن.. کۆترێکی دەرهێنا و هەڵی دا ئاسمانی حەوشەکە.. کۆترەکە بەشریقەی شەقەی باڵی و تەقڵەلێدان نیشتەوە. من و برادەرەکەم زۆر سەرسام بووین. ●

# حەمام ئیسکان

## نیو سەدەیە سارد نەبووەتەوە



وێنەیەکی خەیاڵیی گەرماوێکی گشتی کە لە ڕێگەی زیرەکی دەستکردەوە دروست کراوە




وێنە: حوسێن عەبدولڕەحمان

بەردەم حەمام ئیسکان

**حوسێن عەبدوڕەحمان**

لەناو شاری هەولێر، کە کولتووری کۆن و ژیانی مۆدێرنی تێدا تێکەڵ بووە، هێشتا حەمامێکی گشتی لەسەر پێ وەستاوە و پتر لە نیو سەدەیە خەڵکی شارەکە خۆیان تێدا دەشۆن.

حەمام ئیسکان یەکێ لە کۆنترین حەمامە گشتییەکانی شارە و ساڵی ١٩٦٥ لەلایەن عەبدوڵڵا خەفافەوە دروست کراوە، کە ئەو کات جێگری پارێزگار بووە.

ئەم حەمامە کە بەیەکێ لە ئادگارە زیندووەکان و شوێنەوارەکانی هەولێر دادەندرێ، تا ئەمڕۆش بە تەواوی کار دەکات، جاران کرێکاران بۆ شۆردنەوەی تۆز و چڵکی ڕۆژێکی درێژ ڕوویان تێ دەکرد، بەیانیانیش ئەفەندی و خواپێداوەکان بەر لە دەستپێکردنی ڕۆژ و خواردنی چەوری بەیانی، خۆیان تێدا دەشووشت، ئێستە زیاتر گەشتیار ڕووی تێ دەکەن.

سامان حاجی مامە بەڕێوەبەری حەمامەکە، دڵنیایی دەدات کە سەرەڕای پێشکەوتنی خێرای هەولێر، ئەوان هەموو وردەکارییەکی حەمامەکە لە تەختەی بەردی گەرمەوە تا پێشوازیی گەرم لە میوان وەک جاران درێژە پێ دەدەن، ئەمەش سەرەڕای ئەوەی بەر لە ١٥ ساڵ حەمامەکەیان نۆژەن کردبووەوە و ساونایان بۆ زیاد کردووە.

حەمامەکە کەوتووەتە ناوەڕاستی یەکێک لە گەڕەکە هەرە کۆن و قەرەباڵغەکانی هەولێر، هێشتا لە کوچە کۆنەکانیدا چیرۆکەکانی جاران دەنگ دەدەنەوە، بەقسەی سامان، ئەو پەناگە هەڵماوییەی گەڕەکی ئیسکان لە سەرەتادا شوێنێکی میللی بووە و هیچ تایبەتمەندییەکی نەبووە، زیاتر لەلایەن سەربازەکانەوە بەکار دەهێندرا، بەڵام ئێستە زیاتر گەشتیاری خاوەن داهاتی کەم ڕووی تێ دەکەن، باسیش لەوە دەکات کە حەمامەکە لە دروستبوونیەوە تا ئەم دواییەش هۆڵێکی گەورەی کراوە بوو، هەمووان بەیەکەوە خۆیان تێدا دەشووشت، بەڵام لە دوای ساڵی ٢٠١٠ەوە بەجۆرێک نۆژەنیان کردەوە کە شوێنی خۆشووشتن لە یەکدی جیا بێتەوە، هەروەها ساوناشیان بۆ زیاد کرد.

چیی دیکە ئەو نەوە کۆنەی دەچوونە حەمامەکە، ناچن، سامان بەداخەوە دەڵێ هەندێکیان کۆچی دواییان کردووە و ئەوانی تریش پیر بوون یان لە ماڵەوە خۆیان دەشۆن.

عەباس ئیسماعیل سەردانیکەرێکی بەردەوامی حەمام ئیسکانە، بۆ (گڵکەند) دەڵێ سەردانی تەواوی حەمامەکانی هەولێری کردووە، بەڵام دوای نۆژەنکردنەوەی حەمام ئیسکان، هەموو بەیانیان لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێی هاوتەمەنی لەوێ خۆی دەشوات.

ئەو بۆ باسکردنی یادەوەرییەکانی دەگەڕێتەوە سەردەمی هەشتاکان، ئەو کاتەی بۆ یەکەم جار سەردانی حەمام ئیسکانی کردووە، دەڵێ ئەو کات حەمام بەو شێوەی ئێستە نەبوون، کەسێک جلەکانی لێ وەردەگرتی و دەیخستە ناو فەردە و لە دیاری دادەنیشت تا حەمامت تەواو دەکرد.

حەمام وەک ئێستە سندوق و کانتۆری تێدا نەبوو کە جلەکانی تێدا هەڵبگری، عەباس دەڵێ سەردانیکەرەکانیش لە دوای حەمامکردن نەدەڕۆیشتن، بەڵکو پێکەوە دادەنیشتن و پشوویەکی درێژیان دەدا و قسەیان پێکەوە دەکرد، حەمامچییەکەش بەتانیی پێدا دەدان، چا و شیری گەرمیان دەخواردەوە.

عەبدولڕەزاق خدریش یادەوەریی زۆری لە حەمام ئیسکان هەیە، ئەو منداڵی گەڕەکە و ساڵی ١٩٧٩ لە تەمەنی دە ساڵی لەگەڵ هاوڕێکانی بۆ یەکەم جار سەردانی حەمامەکەیان کردووە. باس لەوە دەکات کە سەردانی زۆربەی حەمامەکانی دیکەی هەولێری کردووە، لەوانەش حەمام نێرگز، حەمام تەعجیل، حەمام شۆڕش و حەمام سەلاحەدین. ئەو بەپێکەنینەوە باسی یادەوەرییە خۆشەکانی دەکات و دەڵێ کاتێ منداڵ بوون، زۆر جار لە کاتی خۆشووشتن لەناو هۆڵە گەورەکەدا دەستیان بە شەڕەئاو دەکرد، حاجی گەیلانی حەمامچییش لێیان تووڕە دەبوو و جنێوی پێ دەدان.

سامان حاجی مامە نیگەرانە لە داهاتووی حەمام ئیسکان و دەڵێ وا بڕوات دای دەخەن، چونکە خەرجیی زۆرە و داهاتی کەمە. ●

گوڵبژێنە



ئیسماعیل بەرزنجی

### دۆنەر و کەنتاکی

وای بۆ ئەو ڕۆژگارەی کە دۆنەر گەس و کەنتاکی و ماهیتا چیکن و ڕاپ تندەر لە گۆڕێ نەبوون، لە ماڵەوە قاورمەی سوورکراوەی ناو گۆسکەیان دەردەهێنا، مرۆ هەر بەبۆنەکەی تێر دەبوو.

وەیش بۆ ئەو ڕۆژگارەی کە پەنیری کیری و کەرەی زەڕ و ماستی تورکی، هەر وجوودیان نەبوو، یەک مەنجەڵ ماستی سەر بە گیا داپۆشراوی ئەو دەشتە، یان پەنیری ناو پێستە، ئەوەندە بەلەزەت بوون کە ئەنگوستی خۆت لەگەڵ دەخوارد.

ئای لەو ڕۆژگارەی، کە ئارووی بە جەلاتین داپۆشراو، تەماتەی ناو لایلۆن، کوارگی مەزرەعە کەس نەیدەزانی چین، ئارووی خۆمانە، یان تەماتەیەکی گڕنی گڕنی یاخود کوارگێکی ئەو زورگانە، بە بەرامەکەیان مەست دەبوویت و لێی تێر نەدەبووین.

هیچ شتێک تام و بۆی جارانی نەماوە و موعەلەبات و مەوادی حافیزە، جگە لە جۆرەها نەخۆشی، هیچمان سوود لێ نەبینی، ئەو ڕۆژە برادەرێک گوتی دۆڵمەی ناو قوتووم خوارد، گوتم مردووت نەمرێ، بەو بەهارە یەک یاپراخی گەڵامێو هەموو دنیا دێنێ، گوتی ئاخر پەلکەمێوی ئێستەش هەر جەلاتینی پێوەیە.

قەت لە خۆمان پرسیوە، ئاخۆ ئەم هەموو دەرد و نەخۆشییانە چین، کە خەڵکی ئێمە بەهۆی خواردنی ئەمانەوە تووش دەبن، تازە عومری ئێمە تەواو بەڵام من خەمی ئەو منداڵانەمە کە ئەو چیپسە ژەهراوییە یاخود ئەو ئەندۆمییە لەعنەتییە دەخۆن، بەس خوا دەزانێت چۆن و لە کوێ دروست کراون.

تازە، پارێزکردن زۆر زەحمەتە، بەڵام دەکرێت هەریەکەمان لە ماڵی خۆی ڕادەیەک بۆ ئەم بەڵایانە دابنێت، بیرم لەوانە دەکردەوە، کە نەوەکەم بەدایکی گوت:

- دایە، فەلافلی دەخۆم. ●

# سەفیە عومەری پیاسەیەکی گڵکەند دەکات

**پشتیوان عەبدوڵڵا**

بۆ یەکەم جار ساڵی ٢٠١٢ لەسەر داوەتنامەیەکی فەرمیی وەزارەتی ڕۆشنبیری، خانمە هونەرمەندی میسری سەفیە عومەری، لەگەڵ وەفدێکی هونەریی میسری بۆ بەشداریکردن لە فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی هەولێر بۆ شانۆ گەیشتنە ئێرە.

سەفیە عومەری لە سەردەمانی خۆی جوانییەکی بێ هاوتای هەبوو، تەواوی گەنجان لە کوردستان و ناوچەکە شەیدای بوون.

ئەو لە تەواوی کار و فیلمەکانیدا ڕۆڵی ژنە ئۆینباز و چاومۆن و سەرنجڕاکێشەکەی دەدیت، بەڕۆڵی ورووژێنەر ناسرا بوو، بە چاوەکانی پیاوی شێت دەکرد.

کاتێ بۆ یەکەم جار لە هۆتێل شیراتۆنی هەولێر بینیم؛ یەکسەر پێم گوت تۆ هەر جوانەکەی جارانیت! لە وەڵامدا گوتی: کوا؟ پیر بوومە!

سەفیە خانمێکی هێمن و بەسەلیقە بوو. زۆر جار حەزی دەکرد بەپیاسە لە شیراتۆنەوە بچێتە لای قەڵات. دەیگوت خەڵک هەموو منیان دەناسی و بەڕێزەوە وێنەیان لەگەڵ دەگرتم.

سەفیە شەیدای بینینی قەڵات و خواردنەوەی شەربەتی مێوژ بوو، دەیگوت براکانم پێیان گوتم کە چوویتە هەولێر و لای قەڵات، شەربەتی مێوژەکە بخۆوە، بۆیە منیش بڕیارم دا لە نزیک قەڵات شەربەتەکە تاقی بکەمەوە، کە زۆر بەتام بوو.



وێنەیەکی نووسەر لەگەڵ هونەرمەند سەفیە عومەری



هونەرمەند سەفیە عومەری لە هەشتاکاندا

ئەو یەک دوو جار بەلای باخچەی گڵکەندیشدا دەچووە ناو شار، وەلێ ئەوکات باخچەکە نۆژەن دەکرایەوە، باسی باخچەکەمان بۆ دەکرد کە چۆن جێژووانی هەمووان بووە و ئێستەش حکوومەت نۆژەنی دەکاتەوە

سەفیە خانمە هونەرمەندێکی بە وەفایە و جار جارە پێوەندی دەکات و لە خەڵکی کوردستان و پێشهاتەکان دەپرسێت.

بەم دواییە پێوەندیی کرد، پێم گوت باخچەی گڵکەند تەواو بووە، زۆر جوان و جیاواز دەرکەوتووە. لە پەنجەرەی دواوەی ژوورەکانی هۆتێل شیراتۆن، لە نهۆمەکانی سەرەوە جوان و ڕەنگین دەردەکەوێ، لە خۆشەویستیی گڵکەندیش ڕۆژنامەیەک بەناوی گڵکەند دەردەچێ، خۆیشم ئەزموون و یادەوەرییەکانی سینەمای تێدا باس دەکەم.

لە وەڵامدا گوتی هەواڵێکی خۆشە، جارێکی دیکە بێمە هەولێر، لە پێش قەڵات شەربەتی مێوژەکە دەخۆمەوە و لە پەنجەرەی ژووری هۆتێلەکەوە سەیری گڵکەند دەکەم و بەڕۆژیش پیاسەی تێدا دەکەم. ●



# خدر عەتار

**تابلۆ و تێکستی: سەباح پیربال قەساب**

پیشەوەر خدر عومەر حەمەدەمین عەتار دوکانەکەی لەناو بازاڕ، دەرگەی قەیسەریی تەنیشت دوکانی حاجی بەکر زێڕینگر بوو.

لە ناوچەی قەسرو ماکۆسان لە ساڵی ١٨٩٥ لەدایک بووە و لە عەشیرەتی گەردینە، لە تەمەنی شەش ساڵیدا هاتۆتە هەولێر و لەناو دوکانەکانی دەڵاڵخانەی کۆنی هەولێر دوکانی عەتاریی داناوە، پاشان هاتۆتە تەنیشت دوکانی حاجی بەکر زێڕینگر و ماڵیشیان لە گەڕەکی تەعجیل بووە. سێ کوڕی هەبووە و لەگەڵ خۆیدا کاریان کردووە بەناوەکانی (مالک، فەیسەڵ و سەباح)، دوای مردنی باوکیان لە ١٩٧٣، بەردەوام بووینە لە کاری عەتاری.

ئەم پیشەیە بریتی بووە لە فرۆشتنی کەلوپەلی عەتاری و ڕەنگ و جۆرەکانی خەنە و سابوونی ڕەقی و لیفکە و ڕۆنی ڕووەکی و داوودەرمانی کوردەواریی وەک شەب کە بەکار دەهێنرا وەک پاککەرەوەیێکی تەندروستی (معقم) و سینەمەکی و شەکری نەبات کە بۆ نەخۆشیی زەردۆیی بەکار دەهات، هەروەها دمکانە کە دەکوترا و لەسەر شوێنی قونێر دادەنرا دوای دوو ڕۆژ پێ دەگەیشت و قونێرەکەی ساڕێژ دەکرد، هەروەها دەرمانی کێچ و ئەسپێ، خەڵکی شار و لادێیەکان بەهۆی کەمیی خزمەتگوزاریی تەندروستی لە ناوچەکانیان لە کاتی نەخۆشبوون سەردانی ئەم شوێنەیان کردووە بۆ کاری پێویست و وەرگرتنی چارەسەر و بڕوایان پێی هەبووە. ●

# دایکی هونەرمەندانی هەولێرێ

سیروان عوسمان

سەمیرە عەبدۆک (لەدایکبووی ١٩٥٤) ژنە هونەرمەندە بەهێزەکەی هەولێرێ، کە بەدایکی هونەرمەندان دەناسرا، وەکو زۆربەی ئەو کچ و ژنانەی لە ناچاری نەبوونی ئەکتەری مێیینە بۆ شانۆ و درامای کوردی لە هەولێر، درِی بەم تاریکییە دا و هاتە سەر شانۆ و دەسپێکی کاری شانۆییشی (هەبوو نەبوو) بوو لە دەرهێنانی هونەرمەند (سەباح عەبدولڕەحمان).

لەو شانۆییەدا کەوتە بەر دڵی بینەران و هەواداران، شوێن و مەقامی خۆی لەناو هونەرمەندان سەپاند.

ئەو ئێوارانەی خەریکی پڕۆڤەکردنی بەرهەمێکی هونەریی تازە دەبووین، ئەو نیوەڕۆیان لە جیاتیی مەنجەڵێک دووان یان سێیانی دەخستە سەر تەباخی ماڵەکەی و زۆربەمان لەسەر خوانی ئەو ماڵە ئامادە دەبووین و نانی نیوەڕۆمان لای ئەو دەخوارد

دوای ئەوەی من بوومە یەکێ لە کوڕەکانی ماڵ و دەستگیرانی (سەوسەن)ی کچی، هەموو جارێ کە لە پڕۆڤە دەگەڕاینەوە دەیگوت:

سیروان مەچوونەوە با دوو، سێ جاران خوێندنەوە بۆ دەقەکە بکەین، ئیتر من دەبووم بەو هونەرمەندەی کە بەرامبەر ئەو تەمسیلی دەکرد، تا بەتەواوی ڕەوانی ڕۆڵەکەی خۆی دەکرد و بۆ بەیانییەکەی لەوپەڕی ئامادەباشیدا دەبوو.

کە مام عەبدۆکی باوکی ماڵئاواییی کرد، پرسەی ژنان هەفتەیەک بوو، بەڵام ئەو تەنها یەک ڕۆژ لە پرسەکە دانیشت، چونکە خەریکی تۆمارکردنی درامایەک بوو، ئەگەر بۆ ڕۆژی دووەم ئامادەی وێنەگرتن نەبوایە، ڕەنگە دراماکە هەر تۆمار نەکرابایە، بۆیە پرسەکەی بەجێ هێشت گەورەیی خۆی نواند و بەچاوی پڕ فرمێسکەوە گوتی: دڵنیاتان دەکەمەوە بەیانی دێم بۆ وێنەگرتن.

لە هەڵوێستێکی دیکەی دایە سەمیرە، سەروبەندی شەڕی ناوەخۆ بڕیارم دا بچمە دەرەوەی وڵات، لە شوێنێک چەق وەستام و پارەم پێ نەما، ناچار هانام بۆ (سەوسەن)ی هاوسەرم برد، بەو پێیەی خێزانمە و یەکێکە لە کچانی دایە سەمیرە کە دەبێ لە هەولێر شتێک بکرێ پارەم بۆ پەیدا بکرێ، ئەویش کەسی شک نەبردبوو، تەنها دایکی نەبێت و چووبووە لای و ئەو هەواڵەی منی پێ ڕاگەیاندبوو، کە من لە ئۆکرایناوە گیرم خواردووە، ئەوە بوو دایە سەمیرە بەزوویی ئەو کێشەیەی چارەسەر کرد، لەوێوە زیاتر سۆزی دایکایەتیی ئەوم بۆ بەدیار کەوت.

دایە سەمیرە دوای ئەوەی ڕەزامەندیی هاتنی بۆ ئەڵمانیا بۆ دەرچوو، لە زستانی ساڵی (١٩٩٦) لە وێستگەی شەمەندەفەری (هانۆڤەر) بەدڵێکی زۆر خۆشەوە پێشوازیمان لێ کرد و بەگەرمییەوە لە باوەشێمان کرد، بەڵام لە ساڵی (٢٠٠٦) کە گەڕایەوە هەولێرێ و لە گەڕانەوەیدا بۆ ئەڵمانیا، لە کاتی سەردانیکردنی پشکنینی ساڵانەی بۆ لای دوکتۆر دەرکەوت شێرپەنجە گەیشتبووە جگەری، ڕۆژ بەڕۆژ باری تەندروستیی خراپتر دەبوو، ئەوەندە بەهێزیش بوو، دروست سێ ڕۆژ پێش ماڵئاواییکردنی بە (سەوسەن) ی هاوسەرمی گۆتبوو با هەڵسم لە موجەمیدە گۆشت دەربێنم، چونکە سبەینێ هونەرمەند حەمەعەلی خان و جەماعەت دێن هەتا شیویان لۆ حازر بکەم، ئەمەشی کرد وەکو دایکێکی هونەرمەندان، بەڵام ئەسەف دوای ئەم سێ ڕۆژە دروست لە ڕۆژی (٢٠٠٧/٤/٦) لە خەستەخانەی شاری (نۆرنبێرگ) لە ئەڵمانیا چاوەکانی بۆ دواجار لێک نا و ماڵئاوایی لە شانۆ و هەمووان کرد. ●



وێنەی هونەرمەند سەمیرە عەبدۆک

# ئەو ژنەی عەیشێی ماچ کرد نەیزانی پیاوە

گڵکەند

ساڵی ١٩٧٠یە، هێشتا قوتابییە لە ناوەندی (جمهوری)، ڕۆژێک دەرهێنەری شانۆیی فاڵچی لە ڕێگەی چالاکیی قوتابخانەکانەوە سەردانیان دەکات و بانگەواز دەکات "کێ حەزی لە تەمسیلە؟" ئەویش لە پاڵ ژمارەیەک قوتابیی دیکە دەست هەڵدەبڕن.

لە ئێوارەی ئەو ڕۆژەوە عەبدولڕەزاق شەمسەدین دەچێتە تیپی هونەریی هەولێر کە ئەو کات نزیکی چایخانەی قەرداران بوو، ئیدی لەو کاتەوە دەست بە کاری شانۆ دەکات و تا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت خۆشەویستییەکەی بۆ ئەو هونەرە کاڵ نەبووەتەوە.

عەبدولڕەزاق شەمسەدین لە یەکەم کاری شانۆییدا ڕۆڵی سەرەکی دەدرێتێ و ڕۆڵی کەسێک دەبینێ بەناوی شێخ ژن. دوای نمایشکردنی لەسەر شانۆی هۆڵی گەل، بۆ تەلەڤزیۆنیش تۆمار کرا، کە دەنگدانەوەیەکی فراوانی لەسەر ئاستی کوردستان پەیدا کرد.

هەروەها لە کاری دووەمیشیدا وەک ئەکتەری سەرەکیی بەشداریی شانۆگەریی مارەیی کرد، کە ڕۆڵی عەیشێی دەدیت، ئاستێکی بەرزی پێشکەش دەکرد و هونەری شانۆی دەوڵەمەندتر کردبوو، خەڵکی ناو هۆڵەکە وێڕای پێکەنینی زۆر، چەپڵەی ئافەرینیان بۆ لێ دەدا.



شانۆگەری مارەیی ١٩٧٢، هونەرمەند عەبدولڕەزاق لەلای چەپی وێنەکە دەردەکەوێ.



هونەرمەند عەبدولڕەزاق شەمسەدین

عەبدولڕەزاق هێندە لێهاتووانە ڕۆڵی عەیشێی دەگێڕا، ڕۆژێکیان دوای تەواوبوونی نمایشەکە ژنێک لەناو جەماوەرەوە بەخێرایی چووە سەر شانۆ و خۆی گەیاندە عەیشێ، لە باوەشێی کرد و پڕ بە دڵی خۆی ماچی کرد، پێی گوتبوو "وەڵاهی خوشکم ئەوەندەت لۆ گریایمە، ئەتو ژنەکی گەلەک فەقیر بووی". خەڵکیش بەو هەڵوێستە دایانە قاقای پێکەنین و ژنەکە پرسی بە چ پێ دەکەنن؟ گوتیان خوشکێ خۆ ئەوە ژن نییە، پیاوە، هونەرمەند عەبدولڕەزاق شەمسەدینە. ژنەکە لە شوێنی خۆی حەپەسا و شەرم گرتی، چونکە ماچی کردبوو، بەدەم جێهێشتنی سەکۆکەوە ئاوڕی لێ داوەوە و پێی گوت "هەی بابانت بەقوڕ گیرێ، چما پیاویش دەرچووی!".

هەر لە کاتی نمایشی شانۆگەریی (مارەیی)دا، کە بە زۆری (شیرین)ی کچی دەدەنە (ڕەشۆی چرمن)، هونەرمەندی ڕەوانشاد سوبحی کۆیی ڕۆڵەکەی دەدیت لە گوندی هاتبوون و (شیرین)یش کچێکی ناسک و نازداری شاری بوو، زۆری پێ ناخۆش دەبێ، کە دەیبەنە گوندی و لەوێ نەخۆش دەکەوێ و داودەرمانی پیرەژنانی دەدەنێ و دواجار ماڵئاوایی دەکات و ئەم خەبەرە دەدەنە (عەیشێ)ی، ئەویش بەجۆرێکی سامناک دەقیژێنێ، دوای ماوەیەک لەبارەی ئەو قیژاندنەوە لە لێدوانێکدا گوتی "وام زانی ئەو خەبەرە بەڕاستییە، بەتەواوی چووبوومە ناو ڕۆڵەکە، بە گەرمییەوە بۆ ئەو ڕووداوە گریام". ئەوەش لە کاتێکدا بوو کە بینەرانی ناو هۆڵەکەش لەگەڵ ئەودا دەستیان بە گریان دەکرد. ●

خاوەن ئیمتیاز:
دامەزراوەی کوردستان کرۆنیکڵ

سەرنووسەر:
ڕێبەند سەعدوڵا

دیزاین:
ئاراس ئەکرەم

لۆگۆ و خۆشنووسی:
بژار ئەربیلی

دەستەی نووسەران:
نازم دڵبەند
هەژار مەجید


کوردستان / هەولێر، گەڕەکی سەربەستی

www.gilkend.com
info@gilkend.com
Gilkend is a general-interest weekly paper
published by Kurdistan Chronicle

# گڵکەند

Issue (15), Wednesday 30/4/2025

گڵکەند گڵکەند گڵکەند گڵکەند گڵکەند




دیمەنێکی دەشتی قەراج و کەندێناوە

وێنە: نیاز قارەمان